# نوگرەسەلمان
Nugireseelman

بڵاوکراوەیەکی ساڵانەی تایبەت بە یادی کارەساتی ئەنفال، لقی کەرکووکی ناوەندی چاودێری کوردۆساید ( چاك ) دەریدەکات ژمارە ( ٥ ) ٢٠١١/٣/١٧


## " KNK "لە پەرلەمانی ئەوروپا...

# کار بۆ بە جینۆساید ناساندنی هەڵەبجە دەکات

**پێشڕەو حەمید**

کۆنگرەی نەتەوەی کوردستان و فراکسیۆنی چەپەکان لەبارگای پەرلەمانی ئەوروپا لەبرۆکسلی پایتەختی ولاتی بەلژیکا لە یادی کارەساتی کیمیابارانکردنی هەڵەبجەدا کۆنفرانسێك لەسەرئاستی نیودەوڵەتی و ئەوروپی لەژیر ناونیشانی کۆمەڵکوژی هەڵەبجە دەبەسترێت، بەبەشداری وڵاتانی ئەندام لە پەرلەمانی ئەورپا و خەڵکانی پسپوڕ لە بواری کۆمەڵکوژیدا، کاری سەرەکی ئەو کۆنفراسە دروستکردنی کۆدەنگیە بۆ بە جینوسایدناساندنی ئەو کۆمەڵکوژیە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیدا.

(رەفیق غەفور) ئەندامی هاوکار لە لیژنەی رێکخستنی کۆنفراسەکە بە ( نوگرەسەلمان)ی ڕاگەیاند: "کۆنگرەی نەتەوەی کوردستان ناسراو بە(KNK) و فراکسیۆنی چەپی ئەوروپی ناسراو بە (سەوزوسور) و گروپی دۆستانی کورد لە پەرلەمانی ئەوروپا لە یادی کیمیابارنکردنی شارۆکەی هەڵەبجەدا رۆژی (١٦/ ی ئادار) لە پەرلەمانی ئەورپا لە برۆکسل کۆنفرانسێکی بەرفراوان لەسەر ئاستی نیودەوڵەتی و ئەورپی سازدەکات بەشداری وڵاتانی ئەندام و چەندین کەسایەتی ئەکادیمی و پسپۆڕ لە بورای جینوساید و رۆژنامەنوسان"

هەروەها وتی:"مەبەستی سەرەکی و جدی لەو کۆنفرانسەدا بە جینوساید ناساندنی ئەو کۆمەڵکوژیانەیە کە لە لایەن حکومەتی بەعسیەکانەوە لە بەهاری ساڵی ١٩٨٨بەرامبەر بە خەڵکی کوردستان ئەنجام درا و گرنگی کۆنفرانسە ئەوەیە یەکەمجارە کۆنفرانسێك لەو ئاستەدا لەسەر پرسی کۆمەڵکوژی کورد لە پەرلەمانی ئەوروپادا ساز دەکرێت و بەڕێوەدەچێت و ساڵانەیش دووبارە بێتەوە تا بەجینوساید ئەو کۆمەڵکوژیە دەناسرێت ".

کۆنگرەی نەتەوەی کورد ناسراو بە " KNK" لەسەردەستی چەندین کەسایەتی سیاسی و ئەکادیمی کورد لەئەروپا لەساڵی ١٩٩٩ دروستبوە بارەگای سەرکی " KNK " لە برۆکسلی پایتەختی وڵاتی بەلژیکایە.

هەر یەکە لە (چاودیری کوردۆساید \چاك) کە لە ساڵی ٢٠٠٢ دامەزراوە و ئینستیتوتی کورد لەبروکسل و فیدراسیۆنی کۆمەڵەکوردیەکان لەئەورپا هاریکاری رێکخستنی ئەو کۆنفرانسە دەکەن.


## بۆ یەکەمجار لە بارەگای رێکخراوی قەدەغەکردنی چەکی کیمیاوی لە جیهاندا یادی تاوانی هەڵەبجە دەکرێتەوە

پاش چەندین ساڵ خۆپیشاندان لە بەردەم بارەگای رێکخراوی قەدەغەکردنی چەکی کیمیاوی لە جیهان ناسراو بە ( OPCW) , رێکخراوی ناوبراو ئەمساڵ رازی بوو یادی ٢٣ ساڵەی ئەو تاوانە لە ناو بارەگاکەی بکریتەوە , وە لە سەر پێشنیاری شاندی چاودێری کوردۆساید لە کوردستانەوە هاتبوون بۆ کۆنفرانسی نێو نەتەوەیی چەکی کیمیاوی ساڵانە نامەیەك لە ٣-١٦ بۆ قوربانیانی چەکی کیمیاوی بنێرێت . ئەمساڵ لە ٣-١٦ ئەو نامەیە ئاراستەی قوربانیانی چەکی کیمیاوی لە هەڵەبجە دەکرێت.

د.فائیزە خەتاب ئەندامی چاودێری کوردۆساید رایگەیاند ئەمساڵ لەسەر پێشنیارەکانی ساڵانی پێشووتری چاودێری کوردۆساید – چاك مەراسیمی یادەکە لەبارەگای رێکخراوەکە دەکرێتەوە , کە ساڵانی پێشووتر یەکێك لە داخوازییەکان ئەوە بوو .مەراسیمی ئەمساڵ رۆژی ٣-١٦ لە بارەگای OPCW لە کاتژمێر ١٢ بۆ ١,٣٠ ئەنجام دەدرێت و رێکخراوی ناوبراو وتاری تێدا دەبێت .

ناوبراو وتی : زۆربەی ئامادەکارییەکان چاودێری کوردۆساید و پەیمانگای کوردی لە هۆڵەندا پێی هەڵساوین و لە داهاتوودا لە وردەکارییەکان ئاگادارتان دەکەیەنەوە .

بۆ یەکەمجار چاودیری کوردۆساید مەراسیمی یادی هەڵەبجەی لە بەردەم بارەگای (OPCW ) کردەوە , وە لە ساڵی ٢٠٠٣ ەوە بە فەرمی داوای لەم رێکخراوە کردووە ٣-١٦ بە رۆژی ئەنفال بناسێت و یادی هەڵەبجە لە بارگای رێکخراوەکە بکرێتەوەو هەڵەبجە بەشداری چالاکییەکانی بکات و هۆڵێك لە باڵاخانەکەی بەناوی هەڵەبجەوە ناو بنێت , خۆش بەختانە دوو لە داواکارییەکان تا ئێستا جێبەجێکراون .



# وتاری چاودێری کوردۆساید لە 23 ساڵەی یادی کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجە لە شاری لاهای

**بەرێزان لە رێکخراوی ئۆ پی سی دەبلیو ئۆ**
**بەرێز: باڵوێزی کۆماری عێراقی فیدراڵ لە هۆڵەندا**
**بەرێزان :نوێنەری پارت و رێکخراوەکان**
**خوشکان برایان و ئامادە بووانی بەرێز**

ئێمە لێرە کۆبوینەتەوە بۆ ئەوەی یادی ئەو سێ شەمە تالە بکەینەوە کە ٢٣ ساڵ لە مەوپێش و لە ١٦-٣ دا بەرەو رووی شارە خۆشەویستەکەی هەڵەبجە بووەوە , ئەو چرکە ساتەی رۆژێکی ڕەشی بردە مێژووی مرۆڤایەتی , ئەو رۆژەی بە چەکی مۆدێرنەی وڵاتانی پێشکەوتوو تەنها لە پێناو قازانجی کۆمپانیاو لە پێناو نەخشەی وڵاتەکانیان یەکێك لە تراژیدیانەترین لاپەڕە تاریکەکانی مێژووی مرۆڤایەتیان لە ٥٠ ساڵی رابردوویان لە چاو تروکانێك تۆمار کرد .
سەدام حسێن لە ئەو چرکە ساتە گەورەترین تاوانی لە دوای جەنگی جیهانی بە چەکی قەدەغە کراوی کیمیاوی تۆمار کرد , ئەو تاوانەی شاری هەڵەبجەی لە گەورەترین قوربانی چەکی کیمیاوی لە مێژووی مرۆڤایەتی بردە پەرتووکی گینزەوە ,هەرچەندە لەو پەرتووکە ژمارەی قوربانیان بە ٤٠٠٠ دیاریکراوە کە خۆی ٥٠٠٠ زیاترە , وە لە ساڵی ٢٠٠٧ ەوە دەیان بریندراری دیکەش لە برینداران بوونەتە قوربانی و سەدانی دیکەش لە چاوەڕوانی مەرگدان , ژیانێك بەسەر دەبەن هەموو چرکەیەکیان مەرگێکە بۆ خۆی .
هەر لەم روانگەیەوە داوا لە بەرێوەبەرانی رێکخراوی قەدەغەکردنی چەکی کیمیاوی دەکەین :



١- لە بەر ئەوەی شاری هەڵەبجە زۆرترین قوربانی چەکی کیمیاوی داوە لە مێژووی مرۆڤایەتی ,ژمارەی قوربانییەکانی زیاترە لە هەر بۆمبارانێکی دیکە بە چەکی کیمیاوی لە جیهاندا , بۆیە لێرەوە داوا ٧ ساڵییەکەی خۆمان لە کردنی ١٦-٣ بە رۆژی قەدەغە کردنی چەکی کیمیاوی لە جیهان دوبارە دەکەینەوە .
٢- داواکارین ئەم هۆڵە بە ناوی هەڵەبجەوە ناو بنرێت , وە ئەلبومێك لە قوربانیانی چەکی کیمیاوی شاری سەردەشت و زەردە و گۆپتەپە و شێخ وەسانان و ...... هەموو ناوچە کیبابارانکراوەکانی کوردستان لە دەزگاکەتان هەڵبواسرێت .

لە کاتێکدا لە چەند ساڵی رابردوو رێکخراوەکەی ئێمە لەبەر دەم بارەگاکەتان یادی ١٦-٣ مان دەکردەوە , داواکار بووین :

١- نوێنەری هەڵەبجە بەشداری کۆنفرانسی ساڵانەی ئێوە ببێت .
١- لە ناو هۆڵی رێکخراوەکەتان یادی ١٦-٣ بکرێتەوە .

بە سوپاسەوە ئەو دوو داوایەمان لە لایەن ئێوەی بەرێزەوە جێبەجێکرا, ئەوا بە ئومێدێکی گەورەوە چاوەڕوانی ئەوەین ١٦-٣ بکرێتە رۆژی قەدەغە کردنی چەکی جیهانی باوەرێشمان وایە گەیشتن بەو داواکارییە تەنها بە ئێوە دەکرێت , رێکخراوەکەشمان یەکەم رێکخراو بووە ئەو داواکارییەی بەرز کردۆتەوە و متمانەشمان بە پشتیوانی ئێوە بەرزە بۆ گەیشتن پێی.
بۆ پێشەوە بەرەو دنیایەکی بێ بەرهەم هێنانی چەکی کیمیاوی

**شاد و سەرکەوتوو بن**

# بەیاننامەی چاودێری کوردۆساید بە بۆنەی 23 ساڵەی تاوانی کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجەوە

ئەمساڵ کە یادی تاوانی هەڵەبجە دەکەینەوە جەماوەری گەلەکەمان بەروی نا دادپەروەری و گەندەڵی راپەڕیوون , ئێمە شانازی بەوەوە دەکەین لە تێکۆشان بۆ مافی قوربانیانی هەڵەبجە و مافی شەهیدان و بریندارانی و دانشتووانەکەی زۆرترین سەربەرزیمان بەردەکەوێت , لە مێژووی ئەم ٢٣ ساڵەدا هیچ پارت و رێکخراوێك بە ئەندازەی ئێمە کاری بۆ کەیسەکانی هەڵەبجە لە ئاستی ناوخۆیی و نێو نەتەوەیی نەکرد , هیچ رێکخراوێك بە ئەندازەی ئێمە دروشم و داواکارییەکانی جێگایان نەگرت , هیچ رێکخراوێك بە ئەندازەی ئێمە بوێرانە نای نەوت و سکاڵای لە بەرزترین بەرپرسی ئەم وڵاتە لە سەردەمانێکدا کەس نایوێرا فزە بکات نەکرد (( یەکەم بەیان و یەکەم چالاکیمان بۆ تاریق رەمەزان ئەنجام دا , سکاڵا لەسەر تاڵەبانی تۆمار کرا , داوای دەست لە کار کێشانەوەی هەرسێ سەرکردایەتییەکەمان کرد , سکاڵا لەسەر وەفیق سامەرائی و محیـــاوی و کـــــۆنفرانس و خۆپیشاندانمان بۆ دادگایی جاشەکان و بێسەروشوێنکراوان ئەنجامدا ..... تۆمار کرا )), ١٠ ساڵە خەمی هەڵەبجەمان لە کۆڵ ناو دڵسۆزانە کارمان بۆ کەیس و خەڵکەکەی کرد و لە گەڵ هەمووان لە ژێر جامانەکەی عومەر خاوەر کۆبوینەوە .
لێرەشەوە راشکاوانە دەڵێین مخابن داخوازو داواکاری قوربانیانی جینۆسایدی کورد کە خۆی لە دادگایی تاوانباران و قەرەبووی مادی و مەعنەوی و پشکنینی راستییەکان و باشترکردنی باری ژیانی کەسوکاری قوربانیان دەبینێتەوە لە ناو داخوازو داواکاری خۆپیشاندەران و توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگا نەبینییەوە , ئێمە لە یادی ٢٣ ساڵەی تاوانی هەڵەبجە بەشێك لەو داواکاریانە دەخەینە بەردەست رای گشتی کوردستان :
-موچەی کەسوکاری قوربانیان و بریندارەکان نابێت لە ١٠٪ بەرز ترین موچە لە ئاستی هەرێمی کوردستان کەمتر بێت (هەرچەندە ئەمەش کەمترین داواکارییە ).
-بڕیارەکانی دادگای باڵای تاوانەکان وەك خۆی جێبەجێ بکرێت و تۆمەتبارانی تاوانی ئەنفال(٤٢٣کەس) کە (٢٥٨کەس)ی لە کوردستان لە زوترین ماوە جێبەجێبکرێت .
-هەموو ئەوانەی زیان مەند بونە لە تاوانی هەڵەبجە (( وێران بوون , دزینی ماڵ , روخاندن , بڕینی بانکەکە .... ))قەرەبوو بکرێنەوە لە لایەن حکوومەتی ئێراق و ئەو لایەنانەی بەشداری هێرشی هەڵەبجەیان کرد, بەرپرسیارێتی بگرنە ئەستۆ (ینك , پدك , سۆسیالست , بزووتنەوەی ئیسلامی , مەجلسی ئەعلا ).
-حکوومەتی ئێراق و ئەو لایەنانەی لە خاڵی پێشوو ناومان هێنان بە فەرمی داوای لێبوردن لە تاك بە تاکی قوربانیانی هەڵەبجە بکەن بە شەهیدان و بریندارانەوە .



# لە کەرکووك
# یادی کارەساتی هەڵەبجە کرایەوە

کاتژمێر (٣)ی پاش نیوەڕۆی رۆژی ٢٠١١/٣/١٦ لە بەخچەی خەیام بەرامبەر قەلا لە شاری کەرکوك، کۆمەڵەی هونەری دیجلە بە بۆنەی (٢٣)مین ساڵیادی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە و کۆکەڵکوژی (١٢) ئاداری شاری قامیشلو، مەڕاسیمی یادکردنەوە ئەنجامدرا.
لەو مەڕاسیمەدا پێشەنگایەکی شێوەکاری بۆ چەندین هونەرمەند کرایەوە، پاشان لەلایەن تیپی شانۆی چوارباخ شانۆگەرییەك بە ناونیشانی (کارەسات) نمایشکرا.
دواتر چەندین وتار بۆ ساڵیادی کارەساتی هەڵەبجە و کۆمەڵکوژی (١٢) ئاداری شاری قامیشلووەوە خوێندرایەوە، هەر لەو مەڕاسیمەدا وتاری رێکخراوی چاودێری کوردۆساید - چاك لقی کەرکوك خوێندرایەوە.
شایەنی باسە چالاکیەکە لەلایەن چەند رێکخراوێکی کۆمەڵگەی مەدەنیەوە رێکخرابوو.

## سوپاس و پێزانین

سوپاس و پێزانین خۆمان ئاراستەی دەزگای رۆژنامەوانی هەواڵ دەکەین، کە ئەرکی لەچاپدانی ئەم ژمارەیەی ڕۆژنامەکەمان (نوگرەسەلمان)ی گرتە ئەستۆ، بەهیواین نموونەیان هەر زۆربێت.

**ستافی نوگرەسەلمان**

# کارەساتی ئەنفال لە زاری چەند شایەتحاڵێکەوە

ئا/خاڵدار قەواڵی



دایکی عامر



دایکی ئارام



دایە خاوەر

شاڵاوی بەد ناوی ئەنفال کە لەلایەن بەعسی دیکتاتۆری سەدامەوە ئەنجام درا بەسەر گەلێك کە خاوەن گەورەترین میژووە لە جیهان مێژووی بەد ناوی ئەنفالە کە ئێستا گەلی کوردی بەستەزمان لەگەڵ هێنانی ئەو ناوەدا سەرتەپا باڵای هەموو کوردێك ئاگر دایدەپۆشێ سەرەرای ئەو هەموو نەهامەتییەی کەبەسەر گەلی کورد هاتبوون رژێم خەونی بەخەوەکانی خۆیەوە دەبینی کە کور نەهێڵی لەسەر زەمین بۆیە دەستی بە پیلان دانان کرد بۆ بەدی هێنانی ئەو خەونە خەیاڵاویە کوردانی بەزیندووی زیندە بەچاڵ دەکرد و جێگەیانی خاپور دەکرد و خاکەکەی داگیر دەکرد بەبێ جیاوازی نێوان هیچ کوردێك.جگە لەمەش بە وشەی کوردی هەراسان و گرفتار دەبوو هەر وەك نەرەدێوو دەینەراند بەڵام ئەو خەون و ئامانجەی بۆ نەهاتە دی میللەتێك لە ناو ببات کە خاوەن مێژووە مێژوویش خەبات تۆماردەکات بۆیە هەمیشە کورد سەربەرزی بە مێژووی ئەنفالەوە دەکات و پاش ماوەو خانەوادەی ئەنفال رێزی تایبەتیان لێدەگیرێت بەم مەبەستەش ئەم راپۆرتەمان ئەنجام داوە لەگەڵ کەس و کاری ئەنفال بەم شێوەیە بۆمان دووان.......

دایکی عامر یەکێك لە رزگاربووەکانی کارەستای ئەنفال بەم شێوەیە بۆمان دوا:- ئێمە لەدێی هەرێنە بووین چەن رۆژێك بێش ئەوەی کە دێکەمان ئەنفال کرێت لە دێکە دەردەچووین لە ناو چەم و چۆڵی خومان دەشاردەوە تاشەو دەگەراینەوە رۆژێکیان دەرنەچووین وامان دەزانی بەلای ئێمەدا نایەن کە چی بینیمان لەسەر شاخی پشت هەرێنەوە بە کۆپتەر جێش دادەگرێت ئەوەی کەوتە خۆی دا دەرباز بوو بەڵام زۆربەی خەڵکەکە مانەوە نەیانتوانی دەرچن.جگە لەمەش بە دەبابە تۆپ باران کراین چوینە ئەو چۆڵ و کێوانە تاشەو ویستمان بگەرێینەوە نان بۆ منداڵەکانمان بەرین بەهۆی بەر دەوام بوونی تۆپ بارینەوە نەمانتوانی بچینە هەرێنە. من بەچاوی خۆم بینیم کە تۆپ بەر خانۆکەمان کەوت و وێران بوو.بەبرسێتی ماینەوە نەشماندەوێرا لە شوێنی خۆمان جوڵە بکەین چەند رۆژێك ماینەوە بەبرسێتی پاشان چەند گەورە پیاوی ریش سپی کۆ بوونەوە بریاریان دا کە بچنە لای بەرپرس جێشەکە تاکو رێگەمان دەن بگەرێینەوە نازانم پلەی چی بوو بەڵام کاربەدەستی ئەو جێشە بوو.کە چوون بەو پیاوە بەتەمانەی وتبوو وەرنەوە هیچتان ليناكەين كەگەراينەوە دێکەمان ببوو بە کەلاوەی هەزار ساڵ هەر شەش حەوت خێزان و لە کەلاوەیەك دا بووین پاشان شۆفلیان هێنا بەبی ئەم لاو ئەولا ئەو دیوارەشی مەترێك بەرز بووایە دەیروخاند.چوار شۆفلێ خەریکی دێ رماندن بوو بۆهەر خانوویەك بچووبایە لەیەك کەسی نەدەپرسی کێی لێیە کێ نیە دەستی بە روخاندن دەکرد شەو وتمان بالە دێکە نەمێنین بەخوا ئەمانە ئەمان کوژن چوینە ناو قەسیل خومان شاردەوە لە ناو ئەو قورو ئاوەدا ماینەوە بەو سەرمایە تابەیانی خەومان نەبوو کە رۆژ بووەوە بینیمان سەیارەی زیل هات دەستی کرد بە بارکردنی خەڵك بەبێ دەربازبوونیان نەشمان دەزانی بۆ کوێ دەیانبەن پاشان کوری خاڵی مێردەکەم عەسکەر بوو گوتی وەرن بادەربازتان کەم بەخوا ئەوانەی براون هەموویان دەست بەسەرن لەنوگرە سەلمان و تۆپ زاوا دەتانبەمە قادرکەرەم بەڵکو توانیم دەربازتان کەم چەندین کەس بووین سەرکەوتین بۆ قادرکەرەم بە تراکتۆر لە رێگەش وەلگەراین بەڵام کەس گیانی لەدەست نەدا هەرکە گەشتینە قادرکەرەم هەرماڵێك دەهاتن دەمانیان بردە لای خۆیان لە دڵسۆزی خۆیان بەبەیانی بانگەواز کرا ئەوەی خەڵکی دەشتی حەشاردابێ و بە دیلی نەماندەنێ ئەوە خانۆکەی بەسەردا دەرووخێنن.دیسان لەوێشەوە رامانکرد بەڵام خەڵکێکی زۆریان بەزیل بارکرد لە ویوە ناسیارێکی خۆمان بردمانیە دووزخورماتوو لەوێشەوە چوینە کفری لە خانوویەکی تەواو نەکراوا مانەوە بو ئەوەی کەس جێگەمن نەزانێت سێ شەو لەوێ ماینەوە پاشان کەسێك هات وتی خەبەرتان لەسەر دراوە برۆن لێرە مەمێنن بادەستگیر نەکرێن.بەهەزار حاڵ چوینە چەمچەماڵ کەسیش نەیدەوێرا بمانگرێتە ئەستۆی خۆی و بمانپارێزێك .چەند ماڵێك لە قادرکەرەمێکان دەرکرابوون، ئەوانیش ئاوارە بوون بلۆکیان بەرز کردبووەوە و خێمەیان کردبووە سەری تیایدا دەژیان ئێمەش ناچاربووین چوین قامیش مان هێناو بەدەوری خۆمان دا دەمان چەقاندو بەگونێ سەرمانگرد.سێ رۆژ لەوێ ماینەوە پاشان بەعسێکان هاتن لەگەڵ جاشەکان دەورمانیان گرد ئەوەی ئیحسای نەبوایە لە زیل بار دەکرا ئێمەش چارمان نەما بوو چاوەرێ بووین بمانبەن.چونکە قسمەتمان نە بوو ئەنفال کرێین نزیکەی( سی و پێنج )کەس ل خانەوادەکەم ئەنفالن ئێستا خۆم و پێنج منداڵم ماوین.

دایکی ئارام کە رزگاربوویەکی تری ئەو کارەساتەیە، بەم شێوەیە دوا" ئێمە دانیشتووی دێی تاوسانەین سەربە ناحیەی قادرکەرەم کە بە گورگە چاڵ ناو دەبرێت لە ١٩٨٨/٤/٥دا بەر شاڵاوی ئەنفال کەوتین خزمێکی نزیکی خۆمان هات گوتی ئەوەی ببەن هەتا هەتایە ناگەرێتەوە وەرن بادەرتان کەم مێردەکەم گوتی باش تۆ منداڵەکانم دەرکە با دەسگیرنەکرێن من دەمێنمەوە لەگەڵ مێردەکەم بوبە ناخۆشیمان لەسەر ئەوەی کە ئەیویست ئێمە بنێرێت و خۆی بمێنێتەوە بەهەر حاڵ نەچووم لەگەڵی ئەودا مامەوە نزیکەی (یازدە)سەر خێزانی لەگەڵ خۆی دەربازکرد تاکو گەشتنە تکریت بەڵام بەداخەوە لە وێش عەرەب خەبەری رژێمی دابوو دەستگیرکران تیاچوون بە خێزانی ئەو خزمەشمانەوە کە (١٠ )دە سەر خێزان بوون ئێمە لەگەڵ ناسیارێکی کەمان دەربازی دووزخورماتوو بووین لە ماڵێك خۆمان شاردەوە بەڵام خەڵکێکی زۆر لە مەکتەب شەبابەکە بوون.بۆیە چەند کوردێکی دڵسۆز شەوێك لە پشتەوە پەنجەرەکەیان شکاندبوو چەندین خێزانیان دەربازکرد بەراستی ناوەکانیان نازانم ماڵەکانشیان ئاگەدار کردبووەوە کە دەرگاکانیان کراوە بێت کێیان دەرباز دەکرد پێیان دەوت بەبێ ئەوەی لەدەرگادەن بچنە ژوورەوە بەم شێوە لەوێشەوە زۆر کەس دەربازبوو لە ئەنفال کردن.لەترسی رۆحی خۆمان هەموو شوێنێکمان لێ هەراسان بوو شەش بووك و خەسوم بووین بەبێ ئەوەی مێردەکانمان لەگەڵ بێت.نازانم ئەو شەوەی کە دەرچووین لەیەك دابراین تەنها خانەوادەم لە دێی سپێ سەردا (شەست و شەش)کەسمان ئەنفالن کە هموویان لەرەگەزی نێرن ماڵ نیە دوو کوری ئەنفال نەکرابێت ماڵی وا هەیە پێنج کوری ئەنفالە.پاشان چووینە سمود کە ئێستا ناوی لێنراوە رزگاری تاکو ساڵی ١٩٩١لەوێ بووین برایەکشم (بارق)دەستگیری کرد ئەویش کەس نەیزانی چی بەسەر هات خاوەن چوارشەهیدی ١٩٩١م کە مجایدین شەهیدیانی کرد.داخی ئەنفال قەد سارێژ نابێ بەڵام داخی ئەوەم لاگرانە کەچەند کەسێك خۆیان بەخاوەن ئەنفال دەزانن کە خۆیان ئەنفال چی بوون.

دایە خاوەر(چل کەس) لە خانەوادەکەی ئەنفالە لەگەڵ کچە تاقانەکەی بەهۆی نەباشی باری تەندروسییەوە نەیتوانی بۆمان بدوێت بەڵام لەروخساری دیار بوو کە ئاهی ئەنفال ناخی سوتاندووە هیچ چارەسەرێکی ئەم دوونیایە سارێژی ناخی هەزارها وەك دایە خاوەر ناکات.

# تۆژینەوەیەك دەربارەی رەشەکوژی وەك تاوانێکی نێو دەوڵەتی

## قوربانیانی رەشە کوژی لە راوەندا

و: نوگرەسەلمان

بە شێوەیەکی گشتی رەشەکوژی بە کوشتنێکی بە کۆمەڵی نەخشە بۆدارێژراو دەوترێ.کە حکومەت لە هەمبەر گروپێك ئەنجامی دەدات ..تاوان گەلێك کە بە هۆی جیاوازی ئاینی یا عرقی (ئەتنی) یاتائیفی یا سیاسی ئەنجام دەدرێن..و وەك تاوانێکی نێو دەوڵەتی نەتەوە یەکگرتووەکان پولینی کردووە بە کۆی دەنگ لە ساڵی ١٩٤٨ و لە سالی ١٩٥١ خراوەتە بواری جێبەجێ کردنەوە دووای ئەوەی بیست وڵات کۆدەنگیان لەسەر نیشاندا ... لە حاڵی حازردا ژمارەی ئەو ولاتانەی واژۆی پەیماننامەکەیان کردووە گەیشتۆتە ١٣٣ وڵات.لە وڵاتە عەربیەکان کوەیت و میسر و عێراق و ئەردەن ولیبیا وقەتەرو ئیمارات عەممان و موریتانیا و جاد

بەپێی مادەی دووی ئەم پەیمان نامەیە رەشەکوژی بە واتای هەریەك لە م کارانەی خوارەو دێت کە مەبەست لێی وێران کردنی گشتی یا بەشێکی گروپێکی قەومی یا ئەتنی یا رەگەز پەرستی یا ئاینی بێت بە پێی ئەم سیفەتانەی خوارەوە

١-کوشتنی ئەندامەکان لە گروپێکدا

٢- گەیاندی ئازاری جەستەیی یا گیانی مەترسیدار بە ئەندامەکان لە گروپێکدات

٣-ناچار کردنی گروپێکی دیاری کراو بە جۆرە ژیان کە بەتەواوەتی یا بە نیوەیی لەناویان بەرێت

٤-خستنە گەری هەلو مەرجیك کە رێگە لە منداڵبوون بگرێت لەناو گروپێکدا

٥-گواستنەوەی منداڵان لە گروپێکەوە بۆ گروپێکی دیکە بە زۆر

مێژووی مروڤایەتی بە خوێ پرە لە لەو تاوانانەی کە لە لایەن دەولەتەوە کراوە جا لەسەر ئاستی ناوخو بەرامبەر بە هاولاتیانی خوی یا لەسەر ئاستی دەرەوە کە بەرامبەر بە گەلانی دی ئەنجام درابێت ..ویرای فرەیی ئەو مەجازرە گەورە بە کۆمەلانە کە لە مێژودا کراون بەڵام تەنها ئەوانەی لە سەدەی بیستەمدا ئەنجام دراون لە بەرجاو گیراون .لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەلگای نێودەوڵەتی هەوڵی زۆری بۆ پێشخستنی یاسا نێو دەوڵەتییەکانداوە لەبواری رەشە کوژیدا داوە بەڵام هەتا هەنووکە زۆرترین جەخت کردنەوەکان لەسەر مەسەلەکانی تایبەت بە تاوانەکانی جەنگ و تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی بووە, هەر بۆیە دەستەواژەکانی کوشتنکاری دژ بە خەلکی سڤیل تەنها واژەیەك نیە بۆ روون کردنەوە بێت بەڵکە دەلالەتێکی یاسایی بەدەستەوە ئەدات بەو واتایەی وشەکە تەنها ئاماژەیەك نیە بە رەشەکوژی دژ بە خەڵکی مەدەنی بەڵکە هەموو ئەو کردارانەیە کە بەمەست لێی لەناو بردنی بەشێك یا هەموو ئەندامانی گروپێکە...هەر بۆیە پێکهێنانی هەردوو دادگای نێو دەوڵەتی دژبە رەشەکوژییەکان لە رواندا و بۆسنەدا یەکەم هەنگاوی عەمەلی و بە کرداری ئەو رێکەوتن نامەیەبوو کاتێ لەساڵی ١٩٩٨تاوانبارانی کۆکوژی راوەندا بە



زیندانیی هەتا هەتایی سزا دران لەناویاندا (ژان کمباندا)کە لەدەمی ئەنجامدانی ئەوتاوانە دژ بە مرۆڤایەتیەدا سەرەك وزیران بووەو لە کاتی دادگاییەکەدا دانی بە برەپرسیارەتی خۆی لەسەر رەشەکوژی خەڵکی سڤیلی توتسیەکان کردووە ......

بەناوبانگ ترین رەشەکوژییەکانیش کەلە مێژوودا ناسراوە ئەوەیە کە لە جەنگی جیهانی دووەمدا نازیەکان دژ بە جوو,سلاڤ,شیوعیەکان, قەرەجەکان,نەیارە هاونشتمانیەکانی خۆی ئەنجامی داوو بە هۆیەوە ١١ملیون کەس تیا چوو..

گرنگترین کردارە رەشەکوژیەکان کەهاوشێوەی ئەو تاوانە بێت لەژێر ئەو ناوەدا پۆلێن کراوون بریتیە لە

١-کۆکوژی فەرەنسیەکان لە جەزائیر سالانی نێوان١٨٣٠ بۆ ١٩٦٢

٢-ئیبادەی ئەرمەنەکان

٣-کوشتارگەری رواندا

٤-کۆکوژی بۆسنە

٥-برسی کردنی هولودومور

٦-عەمەلیاتی ئەنفال

ئەمەو مێژووی مرۆڤایەتی گەلی رەشەکوژی هاوشێوەی بە خۆوە بینیوە کە لەرووی ناوزەد کردنەو نەگەیشتۆتە مانا یاساییەکەی یا بە شێوەیەکی دیی مانای یاسایی تاوانی دژە مرۆڤایەتی لە خۆ نەگرتووە, لەبەر ئەوە واژەی لەناو بردنی بە کۆمەڵ و بە دیسپلین بەمانا یاساییەکەی هەندی جار نەهاتوە ,هەڵبەتە لەبەر هۆکاری سیاسی یا بەرژەوەندی لاەیەك یا چەند لایەکی لە پشتەوە بووە کە دیاترینی ئەوانەی تومار کراون بریتین لە مانەی خوارەوە..

١٠داگیر کاری مەغوڵ بۆ بەغداد

٢-کۆکوژی ئەمریکیە ئەسلییەکان(هندییە سورەکان)

٣-کۆمەلکوژی هیرۆشیما

٤-تاوانی ئەنجامدانی کوشتن لەلایەن گروپی (ئەلهاغاتا)جوولەکە لەسەرەتای داگیر کاری یەهوودییەکان بۆ فەلەستین دژ بە خەلکی ئەو ولاتە ئەنجامیان دا

سەرجاوە (منتدی کلیە حقوق الزقازیق)

# کیمیابارانکردنی هەڵەبجە

**ناساندنی: سەردار فەتاح ئەمین**



لەنووسینی نووسەری هۆڵەندی یوست هیلتەرمان و وەرگێڕانی لەئینگلیزییەوە بۆ کوردی مامۆستا(محەمەد حەمەساڵح تۆفیق) ساڵی(٢٠٠٨) کۆمپانیای ئاوێنە کتێبێکی پڕ بایەخ و گرنگی بەتیراژی(٢٠٠٠) دانەو بەقەوارەیەکی گەورەی(٤٣٠) لاپەڕەیی چاپ و بڵاوکردەوە.

کارە هونەرییەکانی ئەم کتێبە: تایپ، کوردۆ و سەیران، دیزاینی عادل حەمە، هەڵەچنی عەتا محەمەدو مۆنتاژی شۆڕش خدر ئەنجامیانداوە.

ئەم کتێبەی یوست هیلتەرمان(کارێکی ژەهراوی)، لێکۆڵینەوەیەکە دەربارەی گازبارانی هەڵەبجە لەمارتی(١٩٨٨)دا لەو دەمەی جەنگی ئێران ـ عێراق دەدوێت، کە لەهێرشێکی کیمیاییدا بۆ سەر ئەو شارە، وەك خۆی دەڵێت: شارۆچکەیەکی دوورەدەستی کوردستانی عێراقە، هەزاران کەس کوژران لەگەرماوگەرمی ئەو ترس و تۆقین و شڵەژانەی بەدوایدا هات، کەوا کێ ئەم هێرش و پەلامارەی ئەنجامداوە، هەرلایە ئەویتری تاوانبارکرد لەبەردەوامبوونی کوشتاری جەنگدا، بەڵام هەر کەتەمومژەکە رەوییەوە، بەرپرسیارێتیی رژێمەکەی سەدام حسێن ئاشکرابوو.

لەگەڵ پشتیوانیی و بێدەنگی هاوپەیمانە رۆژئاواییەکاندا بۆ عێراق، ئەم کتێبە کە لەلایەن چاودێرێکی بەئەزموونی مافەکانی مرۆڤەوە لەڕۆژهەڵاتی ناوڕاستدا بەئەنجام گەیشتووە، بەشێوازێك چیرۆکی گازبارانی هەڵەبجە دەگێڕێتەوەو ئەوە دەخاتەڕوو، کەچۆن عێراق توانیوێتی پیسترین چەکی کیمیایی پەرەپێبدات و سەربازەکانی ئێران و گوندە کوردەکانی پێبکاتە ئامانج و ئەمریکاش چاوپۆشیی لێبکات، ئەمڕۆش لەکاتێکدا کەعێراق لەبەریەك هەڵدەوەشێت و تادێت رۆژهەڵاتی ناوەڕاست زیاتر نوقمی پشێوی دەبێت، ئەو سیاسەتانە سەرلەنوێ بەرۆکی ئەمریکاو رۆژئاوا دەگرنەوە.

یوست هیلتەرمان توێژەرو ئاگادارێکی بەئەزموونی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەو لەکاتێکدا کەخەریکی شیکاریی ئەم کتێبەبوو، وەك بەڕێوەبەری بەشی چەکداریی هیومان رایتس ووچ کاری دەکرد، ئێستاش جێگری بەڕێوەبەری پرۆگرامی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفەریقایە لەگرووپی قەیرانە نێودەوڵەتییەکاندا، کتێبی(لەپشت ئینتیفازەوە: بزووتنەوەکانی کرێکاران و ژنان لەهەرێمە داگیرکراوەکانی فەلەستیندا) ساڵی(١٩٩١)، یەکێکە لەبڵاوکراوەکانی دانەر.

یوست هیلتەرمان دەڵێت: بەڕێزەوە ئەم کتێبە دەبەخشمە(ف، ع، ر، ت، و، ی) کە دەربازبووی کوشتاری ئەنفالن و ئەوانەش کەرزگاریان نەبووە، هەروەها دەیبەخشمە هەموو قوربانیانی جەنگی کیمیایی عێراق لەهەڵەبجەو بەرەکانی جەنگ و شوێنەکانی تر.

لەپێشەکیی دانەر بۆ وەرگێڕانە کوردییەکە


یوست هیلتەرمان لەپێشەکیی ئەم کتێبەدا دەڵێت: من ئەم کتێبەم بەدڵساردییەکی زۆرەوە نووسی، لەبەرئەوەی کتێبێکی پێشترم، کەوا بەشێکی باشی لێکۆڵینەوەم بۆکردبوو، بەناوی(تاوانی جینۆسایدی عێراق: پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد)، کە لەلایەن چاودێریی مافی مرۆڤەوە(هیومان رایتس ووچ) بڵاوکرایەوە، لەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو ئەوروپا بایەخێکی کەمی پێدرا، کاتێك کە لەساڵی(١٩٩٣) دا بڵاوبووەوە، من نەمتوانی لەوە تێبگەم بۆچی کتێبێك کەتاوانی جینۆسایدی بەدۆکیومێنت کردبێت، نەیتوانی هەستی خەڵك بورووژێنێت، ئەمە لەکاتێکدا کەوا گرنگییەکی زۆر درابوو بەجینۆسایدەکانی پێشتر، بەتایبەتی هۆڵۆکۆست کە لەناوبردنی بەکۆمەڵی جوولەکەکانی ئەوروپا بوو، ئاخۆ جیهان لەم ئەزموونە هیچ فێرنەبووە؟، ئەوجا هەر لەو سۆنگەیەوە بوو، کەوا کەوتمە گەڕانی وردتر بەدوای ئەو رووداوانەدا، کە هاوکاتبوون لەگەڵ پەلاماری ئەنفال و پێشئەوە، بەتایبەتی ئەو رۆڵەی کەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو وڵاتانی تر گێڕایان بۆ پشتگیریی عێراق لەسەردەمی جەنگی ئێران — عێراقدا، لەگەڵئەوەشدا پێدەچێت تاقە جەنگ بووبێت لەسەردەمی جەنگی ساردەوە، کەچوار ئەندامی لەپێنج ئەندامە هەمیشەییەکەی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان، بەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو یەکێتی سۆڤێتیشەوە، لەهەمان لادا کۆکردبێتەوە(هەمووان لەگەڵ عێراقدا بوون دژ بەئێران) و پێنجەمیشیان کە چین بوو، بەبێلایەنی مایەوە.

ئەو تاوانەی کە یوست هیلتەرمان بایەخی پێدەدا، پەلاماری ئەنفال، کە بووەهۆی مەرگی دەیان هەزار کەسی بێتاوان، پێشتر لەو کتێبەدا، کە لەلایەن هیومان رایتس ووچ-ەوە بڵاوکرایەوە، دانەر تیشکی خستبووەسەر تاوانەکە، بۆیە ئەمجارە ویستی سەرنج بخاتەسەر تاوانێکی تری ترسناك، تاوانێك کەبووەهۆی ئەوەی پەلاماری ئەنفال سەرکەوتن بەدەستبهێنێت و ئەو تاوانەش بەکارهێنانی چەکی کیمیایی بوو.

بۆ یوست هیلتەرمان، پێویستیدەکرد توێژینەوەکەی فراوان بکات و لەهەڵەبجەو ساڵی(١٩٨٨)ەوە بگەڕێتە دواوە بۆ سەرەتای ساڵانی هەشتاکان، کاتێك کەڕژێمەکەی سەدام دەستیکرد بەتاقیکردنەوەی توخمە کیمیاییە خامەکان، دژ بەهێزەکانی ئێران لەبەرەکانی جەنگدا، ئەوەی کەیوست هیلتەرمان لەم کتێبەدا بۆیدەرکەوتووە، پەرەسەندنێکی مەترسیدار بوو لەسێ بواردا، کە بریتیبوون لە:

جۆری ئەو گازانەی بەکارهاتن(لەگازی فرمێسکڕێژەوە بۆ گازی خەردەل و پاشان دەمارەگازی جۆراوجۆر)، ئەو هۆکارانەی ئەم گازانەی پێڕێژران(لەسەرەتاوە بەهۆی هاوەن و تۆپەوەو پاشان بەفڕۆکە) ئامانجەکانیان(لەهێزەکانی ئێرانەوە بۆ هاوولاتییە کوردە مەدەنییەکان لەهەردووک ئێران و عێراقدا) تاقیکردەوە. هەروەها ئەوەشی بۆدەرکەوت، کەگەیشتنە هەر قۆناخێکی نوێ بەهۆی خۆکەڕکردن و بێدەنگیی لێکردنەوە بووە لەهەنگاوەکانی پێشتر، ئەوەی کەتینی بۆهێنا بگاتە ئەنجام ئەوەیە، کە پێویست بوو ئیدارەی ریگان(سەرۆکی ئەوسای ئەمریکا) هەنگاوی پێشوەختی بنایە بۆ جڵەوکردنی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لەلایەن عێراقەوە، کە لەپێگەیەکدا بوو دەیتوانی بیکات و بەمەش لەوانەبوو سەدام حوسێن هەرگیز لەتوانایدا نەبوایە گازی ژەهراوی دژ بەخەڵکی مەدەنی بەکاربهێنایەو هەرگیز هەڵەبجەش روونەدایە، بەهەرحاڵ کەهەڵەبجەش روویدا، ئەگەر ئیدارەی ریگان دەستبەجێ کاری بکردایە بۆ ئیدانەکردنی لەوانەبوو، رێگریی لەدیکتاتۆری عێراق بکردایە، کەوا لەیەکەم رۆژی هەر قۆناخێکی ئەنفالدا، گازی ژەهراویی بەکارنەهێنایەو بەوپێیە نەیدەتوانی دەیان هەزار گوندنشینی تۆقیوو ترس لێنیشتوو لەدێهات دەرپەڕێنێت و دواتر بیانکوژێت.

ئامانجی سەرەکی یوست هیلتەرمان لەڕێگەی نووسینی ئەم کتێبەیەوە، باسکردنی ئەوەبوو، کەڕوویدا بۆ خوێنەرە رۆژئاواییەکان و چیرۆکەکە پشت بەگێڕانەوەی ئەوانە دەبەستێت، کە لەڕووداوەکەدا بەشداربوون: وەك قوربانیانی چەکی کیمیایی، ئەو پزیشکانەی کەچارەسەریان دەکردن، ئەو ئەفسەرانەی سوپا کەزانیارییان هەبوو لەسەر بەکارهێنانی چەکی کیمیایی و کەسانی سەر بەهەواڵگریی کەچاودێریی جەنگەکەیان دەکرد، هەروەها ئەو دیپلۆماتانەی کەوشەی زیرەکانەیان بەکاردەهێنا بۆ بەرگریکردن لەپێگەو هەڵوێستی وڵاتەکانیان، لەگەڵئەوەشدا یوست هیلتەرمان ئامانجێکی لاوەکیی گرنگی تریشی هەبوو لەنووسینی ئەم کتێبەداو ئێستا خۆشحاڵە، کەئەم وەرگێڕانە یارمەتیی تێگەیشتنی مەسەلەکە دەداو بۆ خوێنەرانی کوردو(لەسەرێکی ترەوە بۆ ئێرانییەکان) یشی روونەکاتەوە، کەچۆن ئەم رووداوانە بەرپابوون و چۆن و بەپشتبەستن بەچ زانیارییەك سیاسەتدارێژانی رۆژئاوا گەیشتنە بڕیاری خۆیان و چۆن مامەڵەیان لەگەڵ دەرەنجامەکانی کرد، ویستراو بووبێت یان نا.




یوست هیلتەرمان دەیەوێت لەڕێگەی ئەم کتێبەوە تێگەیشتنێکی باشتر بۆ کورد برەخسێت، کە چۆن سیاسەتی وڵاتە بەهێزەکان کار لەژیانیان دەکات و ئاوێتەی دەبێت و دەتوانن چیبکەن بۆ دانانی کاریگەریی لەسەر ئەو سیاسەتە بۆ رێگرتن لەدووبارەبوونەوەی تاوانی گەورەی وەك هەڵەبجە و ئەنفال، هەروەها دەیەوێت تیشك بخاتەسەر مەسەلەیەك، کە بەلایەوە بایەخی زۆرگەورەی هەیە، ئەویش ئەوەیە کەچۆن کوردە سەرنجدەرەکان لێیتێدەگەن، ئەوانەی کەدووکارەکەی ئەو(کتێبەکان) یان خوێندووەتەوە: ئەوەی لەسەر ئەنفال، کەهیومان رایتس ووچ بڵاویکردەوەو ئەم کتێبەش کە ئەم ساڵ بڵاوبۆوە.

نووسەر لەلایەك نووسینەکانی بۆ گرووپی قەیرانە نێودەوڵەتییەکان لەسەر مەسەلەی قورس و ئاڵۆزی کەرکوك بووە لەلایەکیترەوە. هەندێکجار پەیوەندیی تەلەفۆنی یان نامەی لەڕۆژنامەنووسە کوردەکانەوە پێدەگات و دەڵێن کەوا سەریان سوڕماوەو تێناگەن، کەهەمان ئەوکەسەی یارمەتیدەربوو لەناساندنی تاوان و ستەمکارییەکانی ساڵانی هەشتاکاندا بەجیهان، بتوانێت هەڵوێستێکی وا لەسەر کەرکوك وەربگرێت کەئەوان بەدژەکورد لێیتێدەگەن.

یوست هیلتەرمان رێکخراوێکی خۆی هەیە(گرووپی قەیرانە نێودەوڵەتییەکان) بەوردی چاودێریی کێشەی کەرکوکی کردووەو بەپشتبەستن بەو چاوپێکەوتنانەی لەگەڵ نوێنەران و کەسانی پێکهاتەکانی کەرکوکدا ئەنجامدراون، لەماوەی چەند ساڵێکدا گەیشتووەتە ئەو ئەنجامەی، کەباشترین رێگە بۆ چارەسەری دۆخی ئەم شارەو پارێزگاکە، ریفراندۆم نییە، وەك حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆیدەچێت و گرەوی لەسەردەکات، بەڵکو لەڕێگەی پرۆسەیەکی گشتگیرو کۆدەنگی هەموو کۆمیونیتی و پێکهاتەکانەوە دەبێت، کەبوار برەخسێنێت کەرکوك بەهەرێمێکی تێکەڵ بمێنێتەوەو هەموولا هاوبەشبن لەدەسەڵات و سەرچاوەکانیدا، بەلای کەمەوە بۆ ماوەیەکی کاتیی درێژکراوە.

بەلای(یوست هیلتەرمان)ەوە لێکدانەوەی ئەم بۆچوونە، وەك هەڵوێستێکی دژە کورد هەڵەیەکی گەورەیە، ئەو خاڵەی کەئەو و حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەری کۆکنین، ئەو پرسیارەیە کە ئاخۆ چی لەبەرژەوەندیی درێژخایەنی کوردە...؟، دەڵێت: ئێمە هەموو دەزانین ئێوەی کورد کوردستانێکی سەربەخۆتان دەوێت، ئەمە بەلای ئەویشەوە هیوایەکی رەواو بەجێیە، بەڵام ئەو باوەڕی وایە ئەمە ئامانجێکی واقیعی نییە لەبارودۆخی ئێستای ناوچەکەو نێودەوڵەتیداو تەنانەت سەرکردایەتیی کورد لەم رووەوە لەگەڵ ئەم رایەدان، هەروەها لەوەشدا لەگەڵ ئەودان، کە باشترین رێگە قۆستنەوەی ئەم دەرفەتەی مێژووە، کەوا کورد ئێستا لەپێگەیەکی باشتردایە بۆ بەرەوپێشەوەچوون، وەك لەماوەیەکی دوورودرێژی لەمەوبەر، بۆیە دەبێت هەرشتێك لەتوانایاندا هەیە بیکەن بۆ بەهێزکردنی ئەگەری جیابوونەوەیان لەعێراق لەپاشەڕۆژدا.

(یوست هیلتەرمان) دەڵێت: کەوا سەرکردایەتیی کوردو ئەو لەسەر هۆکار جیاوازن، نەك ئامانج، راستییەکەشی ئەوەیە کە لەم کاتەدا پشتگیرییەکی بەرفراوانی نێودەوڵەتی نییە بۆ سەربەخۆیی کورد، بەڵکو بەپێچەوانەوە، بۆچوونی بەهێزو بەربڵاو هەیە بۆ رەتکردنەوەی، رەنگە زۆرێك لەکوردەکان درك بەمە نەکەن، چونکە دەرفەتی ئەوەیان نەبووە قسە لەگەڵ عێراقییەکانی تر، یان تورکەکان، یان سورییەکان، یان ئێرانییەکان یان ئەمریکییەکان بکەن و لەبری ئەوە حەزدەکەن گوێ لەو کەمە خەڵکە بگرن، بەئەمریکییەکانیشەوە، ئەوە دەڵێنەوە کەوا گەلێك لەکوردەکان پێیانخۆشە گوێیان لێبێت، بۆ نموونە ئەوەی کە پشتگیریی سەربەخۆیی کورد دەکەن، بەهەر نرخێك بێت، ئەمە زۆر مەترسیدارەو پێویستە میدیای کوردی رووپەڕی رۆژنامەو کەناڵەکانی لەسەر گفتوگۆی راشکاوانە بخاتە سەرپشت، بۆ ئەو کەسانەی راوبۆچوونی جیاوازیان لەسەر مەسەلەکە هەیە.

# چۆن کتێبێکی بەنووسەرێکی هۆڵەندی

بەبڕوای(یوست هیلتەرمان) مەسەلەی کەرکوك یەکێکە لەو گرفتانەو فشارهێنان و پێداگرتنی توونـد، پەیوەندیی کورد لەگەڵ هەموو لایەك دەخاتە مەترسییەوە:(لەکەرکوکدا، لەناوچەکەداو لەکۆمەڵی بەرفراوانی نێودەوڵەتیشدا)، ئەمەش لەوانەیە کورد بخاتە دۆخێکەوە، کەتیایدا ئەکتەرێکی دڵرەق و توندوتیژ جارێکیتر بگەڕێت بەدوای دووبارەکردنەوەی ستەمکاریی و تاوانەکانی رابردوودا، کەتیایدا کەس بەهانای کوردەوە نەیەت، چونکە ئەوکاتە پێیدەڵێن: ئێوە زۆر پێتان داگرت و لەڕادەبەدەر رۆیشتن.

ئەم سیناریۆیە ئەوەیە، کە بەتەواوەتی دەبێت رێگەی لێبگیرێت و ئەمەش ئەرکی سەرکردایەتیی کوردە، کەباشترین رێگەچارە بدۆزێتەوەو مامەڵەی لەتەکدا بکات و ئەگەر بەشێوەیەکی واقیعی خۆیان بنوێنن بۆ بەئەنجام گەیاندنی ئاواتە رەواکانیان، ئەوکاتە دەبینن، کەوا زۆر کەس و زۆر حکومەت پشتگیرییان دەکەن.

یوست هیلتەرمان پاش ئەم پێشەکییە، کەکورتەی ناوەڕۆکی کتێبەکەی خستووەتەڕوو، کە لەم مانشێتانەدا چڕی دەکاتەوە:(مشتومڕی هەڵەبجە، شایەتحاڵی هێرشێکی گاز، تەمومژی جەنگ، ململانێ و زۆرانبازی لەنەتەوە یەکگرتووەکاندا، مەسەلەکە بۆ وا گرنگە، سەرنجێك لەبارەی سەرچاوەکان و میتۆدی نووسینی ئەم کتێبە.

لەبەشی یەکەمیشدا: پەڕینەوە لەدەروازەی کیمیایی، جەنگی ئێران- عێراق پێویستیی عێراق بەچەکێکی نوێ، یەکەمین هێرشی تۆمارکراوی گازی خەردەل: هاوینی(١٩٨٣)، یەکەم شەڕگە لەجیهاندا کە دەمارەگاز بەکاربێنێت لەزستانی(١٩٨٤) دا دەخوێنیتەوە.

لەبەشی دووەمدا: کاردانەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکان و دانانی ڤۆلیۆم کۆنترۆڵ، پەردەلادان لەڕووی بەڕێوەبەرێتیی ریگان، لایەنگرییەکی پەرەسەندوو، دۆناڵد رامسفیلد سەردانی بەغدا دەکات، تەواوکردنی کارەکە(کتێبەکە): سیاسەتی ئەمریکا لەساڵی(١٩٨٤) دا، نەتەوە یەکگرتووەکان لێکۆڵینەوە دەکات، دەرفەتێکی لەدەستچوو، دەخوێنیتەوە.

ئاوڕێکی دیکە لەبەرایی و ناوەڕۆکی (کارێکی ژەهراوی)

ئەم بابەتانەش دەخوێنیتەوە: لیستی نەخشەکان، کورتکراوەکان پێشەکی دانەر بۆ وەرگێڕانە کوردییەکە لەبەرایی گەشت بۆ هەڵەبجەدا، سەرنجدەدەیت، کە نووسەر لەمایسی(٢٠٠٢) گەشتی بۆ تارانکردووە چووەتە هەمان کات، مایسی(٢٠٠٢) چووەتە هەڵەبجە، لەئەیلولی(٢٠٠٦) چووەتە عەممان، هەروەها ناوی ئەو کەسانەی هێناوەو سوپاس و پێزانینی پێشکەشکردوون، کەلەم کارەیدا یارمەتییانداوەو دەڵێت: پاڵنەری بنەڕەتیی ئەم کارەم، ئەو رێکخراوە بوو کە من تا ساڵی(٢٠٠٠)، یەکێکبووم لەستافەکەی، ئەویش(هیومان رایتس ووچ و کێن رۆسی) بەڕێوەبەری بوو.

لەپاش حەوت ساڵ کارکردن و کێن هانیدام دەستبکەم بەلێکۆڵینەوە بۆ ئەم کتێبە، کە بەندبوو بەلێکۆڵینەوەی مافی مرۆڤ لەکوردستانی عێراق لەلایەن من و دوو هاوکاری ترەوە لەساڵانی(١٩٩٢- ١٩٩٤) دا، هەروەها بۆ هاوبەشانی پێشتریشم لەپرۆژەی ئەنفالدا: جۆرج بلاك، مەولان ئیبراهیم، شۆڕش حاجی، پەیمان محەمەد، جێمێرا رۆن و ئەندرو وایتلی. جۆرج ئەوەی پیشاندام، کەچۆن راپۆرتی مافی مرۆڤ دەکرێت ببێتە پارچە نووسینێکی کاری جوان وەك لەناڕەزاییننامەیەکی پێشێلکردن و کتێبەکەی(تاوانی جینۆسایدی عێراق) (کە لەسەرەوە باسکراوە)، زۆر بەداخەوە خەڵکێکی زۆرکەم خوێندوویەتییەوە، شۆڕش و پەیمان شایانی ناوهێنان و پێزانینی تایبەتین، وەك سەرچاوەیەکی بەردەوامی هاندان و کارکردن و زانیاریی فراوان لەسەرانسەری ئەم پرۆژەیەدا.

لەبەشێکی دیکەدا یوست هیلتەرمان دەڵێت: لەقۆناغەکانی لێکۆڵینەوەکەو لەکاتێکدا کە من بەپارت تایم وانەم دەوتەوە لەسەنتەری لێکۆڵینەوەی هاوچەرخی عەرەبیی سەر بەزانکۆی جۆرجتاون، کۆمەڵێك لەقوتابییە دەرچووەکان یارمەتییاندام وەك کۆرس و بەشوێن سەرچاوەی سەرەتاییدا دەگەڕان، کەزۆریان بەعەرەبی بوون و کورتە نووسینێکیان لەسەر جەنگ ئامادەکرد، لەوانە: کریستی ئادەمز، جولیان غێراردی، رانیا غومە، ریمە ئەلموللە، محاسن نەسرەدین، رێژین سەهاکیان، شیرین سەیکەلی و کەیتلین ولیامز، من سوپاسیان دەکەم بۆ ئەو کارە گەورەو گرانەی کردیان و حەز دەکەم بەتایبەتی رانیا جیابکەمەوە، وەك یاریدەدەری لێکۆڵەر بەو ئاستە نایابەو زیادلەوەی لێی چاوەڕوان دەکرا ئەنجامیداو نەك هەر دەستبەکاری توێژینەوەی جددی بوو(ماوەیەکی دووروودرێژ دوایئەوە لێکۆڵینەوە سەربەخۆکەی لەگەڵ مندا کۆتاییپێهات)، بەڵام پرۆژەی بۆخۆی گەڵاڵەکردبوو و هاوکاریی ئەوەی دەکرد، کەوا کتێبەکە لۆژیکی گێڕانەوە لەخۆبگرێت، ئەوانیتر کە بەسەرچاوە یارمەتییاندا: نیاز خالید لەئەمستردام(کورد)، غێدە جەڕار لەعەممان(عەرەب)، رۆلین هیلتەرمانی خوشکەزام کە بۆ ماوەی چەندین سەعات چاوپێکەوتنەکانی چاپکرد، کەئەرکێکی لابەلایەو کەس پێینازانێت. یوست هیلتەرمان لەگەشت بۆ هەڵەبجەدا دەڵێت: لە(١٦) ی مارتی(١٩٨٨)دا، تۆ لەکوێ بوویت؟، ئەی باشە من لەکوێ بووم؟، کاتێك کە ویژدان پێویستی بەیادەوەریی دەبێت ئەم لەئاستیدا لاڵ دەبێت، (١٦)ی مارت چوارشەممەیەك بوو، کەدەبوو رۆژێکی کاری ئاسایی بوایە بۆ زۆربەی خەڵك و سەرنجێکی ئەوتۆی رانەکێشایە، ئەو دەمە من لەهاتوچۆی نێوان فەلەستین و کالیفۆرنیادا بووم و لەتەواوکردنی تێزی دکتۆراکەمدا بووم لەسەر بزووتنەوەکانی کرێکاران و ژنان و خەباتیان لەژێر داگیرکردنی سەربازیی سەختی ئیسرائیلدا، نازانم ئەو رۆژە لەواشنتۆن دی سی بووم یان لەکوێ؟، بەهەرحاڵ با ئەوێ بێت. من دەبوو رۆژنامەکانی ئەو چەند رۆژە بخوێنمەوە، بەڵام شتێکی ئەوتۆ تۆمار نەکرابوو، مەسەلەکەش لانیکەم هەفتەیەکی پێچوو، پێشئەوەی هەواڵەکان بڵاوببنەوە، بەڵام پاشان کارێکی زەحمەتبوو سەردێڕی هەواڵەکان فەرامۆشبکرێت، چەشنی(هێرشی گازی ژەهراوی سەدان کەس دەکوژێت)، (رۆژنامەی واشنتۆن پۆست)، (ئێران، عێراق تاوانبار دەکات بەهێرشی گازو زیانی تۆقێنەری)، (رۆژنامەی ئینتەرناشناڵ هیراڵد تریبیۆن)، (قوربانیانی گاز بەترس و سامی مەرگەوە رەقبوون)، (گۆڤاری تایمزی لەندەنی)، (شارێکی کوردنشین بەچەکی کیمیایی لەناودەبرێت) (Midi Libre)، (چەکە چەپەڵەکانی سەدام حسێن) (Le Nouvel Observateur)، (کۆتایی دنیاو کاولکاریی تەواوی جەنگی کیمیایی) (Quotidien de paris)، (ئەمە هیرۆشیمایەکی کوردە) (Wiener Zeitung)، (جەنگی کیمیایی لەکوردستانی عێراقدا) (El pais)، (جینۆسایدی خەڵکی کورد)، (Le Unita).

ژمارەیەکی نیویۆرك تایمز جاڕ لەوە دەدات کەعێراق دژ بەوە وەستاوەتەوە کە(بەتەواوەتی تاوانبار دەکرێت، چونکە پەنای بردووەتە بەر چەکی کیمیایی... راستییەك بەهەموو ماناو پێوەرێك بەتاوانی جەنگ لەقەڵەمدەدرێت).

لەم سەروبەندەدا ناوێك هاتەئاراوە، ئەویش هەڵەبجە بوو کەشوێنێکە کەس نەیبیستبوو، بەڵام وا باسدەکرا کەوا گوندێکە لەهەرێمی کوردەکانی عێراقدا، راستییەکەی ئێرە شارۆچکەیەکی گەورە بوو و بەکۆمەڵگەی نیشتەجێی دانیشتووانی گوندە وێرانکراوەکان دەوردرابوو. ئەو دەمە تەلەفزیۆن کەوتە پیشاندانی دیمەنی ترسناك لەشوێنی کارەساتەکەوە: لاشەی ژن و منداڵ لەپشتی ئۆتۆمبێلێکی بارهەڵگری پیکابەوە بەسەریەکدا کەوتبوون، هەروا تەرمبوو لەدۆڵ و شیوی نێو چیاکاندا پەرتو بڵاوکەوتبوو، پیاوێکی مردوو لەپەڕوو کەوتبووە سەر زەویی و بۆ دواجار کوڕە کۆرپەیەکی خۆی لەئامێزگرتبوو، هەندێك لەم وێنە و دیمەنانە دواتر دەبنە هێماو سیمبوڵ لەکوردستاندا، بەڵام لەشوێنانیتر زوو لەبیرچوونەوە. جیهان، بابی یاری خۆی، سرێبرێنیکای خۆی، تیمیسواری خۆی، هیرۆشیماو ناکازاکیی خۆی، لەندەن، درێسدن، بەرلینی خۆی هەبوو، وا هەڵەبجەی خۆیشی هاتە پاڵی، بەڵام ئێستا کێ لەبیری ماوە؟.

یوست لەم کتێبەیدا باسی سەردانەکانی دەکات لەحوزەیرانی ساڵی(١٩٩٢) دا، وەك راوێژکارێکی هیومان رایتس ووچ لەنیویۆرك، سەردانی کوردستانی عێراقم کردو ئەرکەکەم ئەوەبوو جێگەی هاوکارێکم بگرمەوە، هەروەها باس لەڕاپەڕینەکەی پاش جەنگی کەنداو لەمارتی(١٩٩١) دەکات، کەهیومان رایتس ووچ لێکۆڵینەوەیەکی دووروودرێژی لەسەر پەلاماری ئەنفال ئامادەکردو بەڕاپۆرتێك، بۆ یەکەمجار لەساڵی(١٩٩٣)دا، بڵاوکرایەوەو بەڕادەیەکی بەرفراوان پشتگوێخرا، هەروەها رێکخراوەکە هەوڵی بزواندنی حکومەتەکانیدا بۆ بەرزکردنەوەی کێشەیەکی جینۆساید دژ بەعێراق لەدادگای عەدلی نێودەوڵەتیی لاهایدا، بەڵام بەبایەخەوە گوێی لێنەگیرا. تەنها ئەوانەی لەساڵی(٢٠٠٣) دا جێی رژێمیان گرتەوە خواستی ئەوەیان هێنایە ئاراوە بۆ سەرلەنوێکردنەوەی فایلی هەڵەبجەو ئەنفال، شانبەشانی گەلێکیتر لەو تاوانانەی کەسەدام حسێن و هاوکارانی بەرپایانکرد لەماوەی سی ساڵی تاکڕەوییاندا، ئەویش(ئەنفال) بوو کەئۆپەراسیۆنێکی دژەیاخیبوون بوو وەك سەدام ناوی لێنابوو، لەدوادوایی رۆژانی جەنگی ئێران – عێراقدا لەلایەن سەدام حسێنەوە سازکرا، بۆ چارەسەری بنەبڕی کێشەی کوردی لەمەڕخۆی، پەلاماری ئەنفال بووبەهۆی کوشتنی سیستماتیکیی دەیان هەزار خەڵکی مەدەنیی کورد، کە یەکەمجار بەگازی ژەهراوی لەگوندەکانیان دەرپەڕێندران و پاشان کۆزەی سەنتەرە کاتییەکان کران و لەوێش بەپێی تەمەن و رەگەزی نێرومێ جیاکرانەوەو لەبیابانەکانی رۆژئاوای عێراق و دوور لەکوردستان، راپێچی مەرگ کران.

جیهانی رۆژئاوا ئارەزووی سزادانی سەرکردایەتیی عێراقیان نەدەکرد لەماوەی دەیەی نەوەتەکانی ئابلۆوقەی ئابووریدا، کاتێك کە سەدام حسێن بەدوای داگیرکردنی کوەیتدا، دۆستایەتیی لەگەڵ ئەمریکادا بچڕی و ئەوپەڕی بێهیوایی هێنایە ئاراوە. یوست هیلتەرمان دەڵێت: بەمجۆرە هەشت ساڵ لەپاش یەکەم پەردە هەڵماڵینم لەسەر تراژیدیای کورد، جارێکیتر کەوتمەوەکار بۆ تیشکخستنەسەری زیاتری ئەم کێشانەو تاووتوێکردنی ئەو بارودۆخەی هەڵەبجەو ئەنفالی بەرپاکردو وەستان لەئاست بەشێك لەو هەڵاوبگرەو مشتومڕانەدا، کەڕاستەوخۆ لەدوای دەرکەوتنی یەکەم دیمەنەکان لەسەر شاشەی تەلەفزیۆن بوون بەگێژەنگ و پێشئەوەی جیهان روو وەربگێڕێتە سەر مەسەلەکانیتر، باشە بەڕاستی دەبوو هەر بەتەنها لۆمەی عێراق بکرێت، یان دەستێکی نهێنیی ئێرانیشی لەپشتەوە بوو؟، ئاخۆ حکومەتەکانی رۆژئاوا، کە بەلای عێراق -یاندا دادەتاشی لەجەنگی هەشت ساڵەی لەگەڵ ئێراندا ئاگاداری ئەوە بوون کەعێراق گازی ژەهراویی بەکارهێناوە نەك تەنها لەهەڵەبجەدا، بەڵکو بەدرێژایی هەشت ساڵی شەڕوپێکدادان؟، باشە هەر ئیدارەی رێگان نەبوو بەشێوەیەکی تایبەتی کەنەك هەر چاوپۆشیی لەڕەفتاری عێراق دەکرد، بەڵکو چالاکانە هانیشیدەدا؟، ئەی لەڕاستیدا تاچەند بەکارهێنانی گاز لەلایەن عێراقەوە بایەخداربوو لەمەیدانی شەڕداو دژ بەکورد؟، ئایا بێجگە لەهەڵەبجە، سکاڵایەکی ئەوتۆ هەن، کەوا رژێمی خومەینی پەنای بردبێتەبەر چەکی کیمیایی و بەڵگە هەیە بۆ ئەوە؟. لێرەدا پرسیاری گەورەو بنەڕەتیی یوست هیلتەرمان ئەوەیە، کەوا کێ زانی چۆن و چی و کەی بەپێی ئەم زانیارییە کاریانکردووەو ئایا ئەگەری کردەوەیەکی تری ئەلتەرناتیڤ لەئارادا نەبووە؟، لەهەندێك سەرەوە ساغبوونەوەی ئەم پرسە کلیلی مەسەلەکەیە.

یوست گەلێك تێکۆشاوە تاگەیشتوتە ئەم راستیانەو دەڵێت: کە لەئێرانەوە پەڕیمەوە بۆ کوردستانی عێراق بەمەبەستی دۆزینەوەی شایەتحاڵی زیاتر، بەتایبەتی هەندێك لەو فەرماندە کوردانەی لەئۆپەراسیۆنی دەرپەڕاندنی عێراقییەکان لەهەڵەبجەدا بەشدارییان کردبوو لەڕۆژانی پێش هێرشە کیمیاییەکەدا، ئەم گەشتە بوو بەیەکەم هەنگاوی گەڵاڵەکردن و سەروبەرگرتنی ئەوەی کەڕوویداو دەستپێکی لێکۆڵینەوەیەك بوو بۆ شانۆی تاوانەکە.

لەبەشی سێیەمدا ئەم بابەتانە دەخوێنیتەوە: ناوبڕی کیمیایی هێرشی بەدر(مارتی ١٩٨٥)، داگیرکردنی فاو(شوباتی ١٩٨٦)، تەفرەدان: مەسەلەی ئێران–کۆنترا، رێگەدانانێکی نوێ.

لەبەشی چوارەمدا: بەناونیشانی(شەڕ لەکوردستاندا، هێرشی گاز بۆ سەر کوردەکانی ئێران، تەشەنەکردنی یاخیبوون لەکوردستانی عێراقدا، چەرخی دەسەڵاتی عەلی کیمیایی، کەناڵی پەیوەندیی(تایبەت) و مەسەلەیەکی ناوخۆیی چەند باسێکی گرنگت دێتە رێگە).

بەشی پێنجەمیش: هەڵەبجە، هاوسەرگیرییەکی بەرژەوەندی، باسوخواسی شەڕەکە، لەنێوان دوو بۆچوونی جیاوازدا، (بۆ پاراستنی خەڵکی خۆمان)ی لەخۆگرتووە.

بەشی شەشەم و حەوتەم و هەشتەم و نۆیەم کە دوابەشی کتێبەکەیە: ئەم باسانە(کاریگەریی رەوشی هەڵەبجە، چەڕەدووکەڵ، گاز وەك بەشێکی تەواوکەری ئەنفال و موخابەراتی ئەمریکی، بەکارهێنانی گاز بۆ کۆتاییپێهێنانی جەنگ، هەڕەشەی گازبارانی تاران، ئێران و بەکارهێنانی گاز، دێزە، ئایا ئێران گازی بەکارهێنا؟، تاقیکردنەوە لەسەر کوردەکان؟، چاوڕاوی با بەسەرداهێنانی گاز، ئێران و عێراق و هەڵەبجە، هاوسەنگکردنی زانیارییەکان، ساختەکاری لەبەڵگەدا، پێنتاگۆن و هەڵەبجە، هەواڵدەرو گوێگرتن لەپەیوەندییەکان، لێوشین لەبەرامبەر لێوسووردا، لەناو پێنتاگۆندا، رێگا بەرەو کوەیت، (قەدەغەکردنی) جینۆساید، بەرژەوەندییەکی باڵاتر، میراتی کیمیایی دەخوێنیتەوە.

سەرەنجام: تەپوتۆزی پاش کارەسات، کوردو بووژانەوەی ناسیۆنالیزم، ئێران و هەوڵ و تەقەلای ئەتۆم، ویلایەتە یەکگرتووەکان و سەرنەکەوتن لەزوو دەستێوەرداندا، بەئامانجکردنی خەڵکی مەدەنی و گەشەکردنی کولتووری لەسزا دەربازبوون و یوست بەوتەیەك کۆتایی بەکتێبەکەی دەهێنێت، لەکورتە باسێکدا لەئابی(٢٠٠٦) رێك (١٠) ساڵ پاش هێرشێکی دڕندانەی دیکەی سەدام بۆ سەر هەولێر بەچاوپۆشی ویلایەتە یەکگرتووەکان بیر خوێنەر دێنێتەوە.

لەم کتێبەدا بەپێشەکی و هەر(٩) بەش سەرنجامەکەیەوە دانەر(٤١٦) پەراوێزی گرنگی تۆمارکردووە لەگەڵ بیبلۆگرافی(٢٠٣) کتێب و راپۆرتی هەمەجۆر پشتی پێبەستووە بۆ ئەم کارەی، جگە لەو(١٣٩) کەسایەتییەی، کەناوی هێناون و(٢١) یش ناوی نەهێناون بۆ ئەنجامدانی ئەم کتێبە چاوپێکەوتنی لەگەڵکردوون.

لەلیستی نەخشەکاندا بە(٤) هێڵکاری ئاماژە بەجوگرافیای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، سنووری ئێران–عێراق، دابەشبوونی دیمۆگرافی کورد لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا- کە لەکتێبی(ئێران، عێراق و میراتی جەنگ)، کە لەلایەن لۆرانس ج. پێتەرو گرەی ج. سیك نووسراوە وەریگرتووە، نیویۆرك: پالگرەیڤ ماکمیلان، لەگەڵ نەخشەی ناوچەکان و قەزای هەڵەبجەو ناوچەکانی ئۆپەراسیۆنی ئەنفال کە(مایکڵ میلەر) کێشاویەتی.

# پانۆرامای بەكارهێنانی چەكی كیمیاوی دژی خەڵكی كوردستان

ن: د. ناجح گوڵپی

لەدوای هاتنە سەر حوكمی عەفلەقیەكان لەعیراق،سیاسەتی بەعەرب كردن و ڕاگواستن ودەركردنی كوردان لەسەر زێدی باوباپیریان ،بە شێوەیەكی زۆر دڕندانە پەرەی سەند،لەسەرو بەندی شەڕی ئێران –عیراق داهۆڤیەتی ڕژێم گەیشتە ئاستێك كە چەكی كۆكوژی قەدەغەكراوی نێو دەوڵەتی بەكار بهێنێ دژی خەلكی سڤیلو بێ دیفاعی شارو گوندەكانی كوردستان،پاش ئەوەی لەلایەن دەوڵەتانی زلهێزەوە گڵۆپی سەوزی بۆ هەڵكرا زۆر بەخەستی لە بەرەكانی شەردا دژی سەربازان وپاسداران و شارە كانی ئێران بەكاری هێنا،لەئەنجامی ئەو هەڵە ستراتیجیەی كە شۆڕشی كورد كردی و خۆی كردە بەشێك لەهاوكێشەی شەری ئێران– عیراق،ئەوەندەی تر بیانوی بۆ دوژمنی سەرسەختی كورد كە ڕژێمی سەدام بو ڕەخساند تاكو بتوانێت تۆڵەی ئەوەڵ و ئاخری لەخەلكی بێ دیفاعی كوردستان بكاتەوە،دەست بكات بە بەكارهێنانی چەكی كیمیاوی دژی شاروگوندەكانی كوردستان،سەرەرای ئەوەی كەعیراق پەیماننامەی قەدگەكردنی بەكارهێنانی چەكی كیمیاوی مۆركردبو،بەلام ئەو پەیماننامەی پێشێل كردو هیچ كۆرو كۆمەڵی نێونەتەوەیی و مافەكانی مرۆڤ نەهاتنە جواب لەسەر بەكارهێنانیئ ئەم چەكە قەدەغەكراوە،چونكە لەپەرژەوەندی ئەو دەوڵەتە زل هێزانەدابو كە چەكیان فرۆشتبو بە عراق،تائیستاشی لەسەر بێت ،حكومەتی هەرێمی كوردستان نەیتوانیوە وا بكات لەو ولاتو كۆمپانیانەی كە چەكیانداوەتە عراق كە داوای لێ بوردن و قەربوی مادیو مەعنەوی بۆ زیانلێ كەوتوانی ئەم كارەساتە بكاتەوە،وە هەولەكانیش بۆ بەجیهانی ناساندنی بەكارهێنانی چەكی كیمیاوی و جینۆسایدی گەلی كورد بە كۆتا نەگەیشتوە،ئێمە لەم یادەوەریانەدا،داوا لە كەسوكاری كیمابااران و جینۆسایدی گەلی كوردستان دەكەین كە هەوڵەكانیان چربكەنەوە خەباتی زیاتر بكەن بۆبەسزاگەیاندنی تاوانبارانی چەكی كیمیاوی،لەسەرانسەی جیهان كەدژی گەلەكەمان دەستیان هەبوە،،،ئێمە نامانەوێ لەسەر ئەم كارەساتانە زۆر بڕۆین ،لێرەدا تەنها ویستمان وەبیرهێنانەوەیەك بخینە بەرچاوی خوێنەران لەشێوەی خشتەدا كە ڕۆژو ،ناوچە و گوندو شێری بۆماران كراوی كوردستان دەرئەخات،تاكو درندایەتی ڕژێمی بەعسیان بۆ دەربكەوێ دژی خەلكی كورد چۆن بووە.

## پانۆرامای بەكارهێنانی چەكی كیمیاوی دژی گەلی كوردستان لە باشوور لەلایەن ڕژێمی سەدامەوە

| ڕۆژی بۆمباران | ناوچە | گوند و شار و شارۆچكەی بۆمبارانكراو | ژمارەی قوربانیان |
|---|---|---|---|
| ١٩٧٨/٤/١٥ | سلێمانی | هەڵەدن، كانی توو، بەرگەڵوو، سیروان، تۆڵچكە، چنارنێ، یاخسەمەر، چاڵاوە، سەرگەڵوو | چەندین قوربانی |
| ١٩٨٧/٤/١٦ | هەولێر | بالیسان، كانی بەردەزێنی، شێخ وەسانان، زنجیرە چیای دەردەشێر، ناوچەی ساوسێوكان | ١٠٩شەهید و ٢٨١بریندار |
| ١٩٨٧/٤/١٧ | سلێمانی | قزلر، سەنكەر، میوەڵاكە | چەندین بریندار |
| ١٩٨٧/٤/١٨ | سلێمانی | قەیوان، كۆڕەنك | پێكرانی ٥٠ هاووڵاتی |
| ١٩٨٧/٤/١٩ | سلێمانی | پیرەمەگروون، ماوەت، قەیوان | پێكرانی دەیان هاووڵاتی |
| ١٩٨٧/٤/٢٠ | سلێمانی | هەمان ناوچەی ڕۆژانی پێشوو | دەیان بریندار |
| ١٩٨٧/٤/٢١ | سلێمانی | دەورووبەری ناحیەی قەرەداغ و گوندەكانی | چەندین پێكراو |
| ١٩٨٧/٤/٢١ | هەولێر | دۆڵی بالیسان | چەندین پێكراو |
| ١٩٨٧/٥/٢٣ | هەولێر | مەلەكان، كوڕە شێر، كەندوڵ، بلێ بردوون | نەزانراوە |
| ١٩٨٧/٥/٢٣ | كەركووك | تۆمار، گورگان، قەمەر | نەزانراوە |
| ١٩٨٧/٥/٢٧ | هەولێر | مەلەكان، بلەی خواروو، بلەی سەروو، تارینا، كەندوك، كوڕە شێر، نازەنین، دۆڵی سماقوڵی | ٨ شەهید و ٢٣ بریندار |
| ١٩٨٧/٦/٥ | دهۆك | قەزای ئامێدی | ١ شەهید و زیاد لە ١٠٠ بریندار |
| ١٩٨٧/٦/٢٧ | سلێمانی | گوندی زیوییەی بناری پیرەمەگروون | ٣٥ بریندار |
| ١٩٨٧/٩/٣ | سلێمانی | بەرگەڵوو، یاخسەمەرە | ٤ شەهید و چەندین بریندار |
| ١٩٨٧/٩/١٤ | سلێمانی | ناوچەی مێرگەپان | چەند بەركەوتوویەك |
| ١٩٨٨/٢/٢٥ | سلێمانی | سەرگەڵوو، یاخسەمەر، هەڵەدن، گوێزێڵە | چەندین بەركەوتوو |
| ١٩٨٨/٢/٢٦ | سلێمانی | هەمان ناوچەكانی ڕۆژانی پێشوو | ٨ شەهید و ٢٠١ بریندار |
| ١٩٨٨/٢/٢٧ | سلێمانی | بەلەكجاڕ، تەكێ، بەڵخە، گۆمەتە، لە ناوچەی قەرەداغ | ٢ شەهید |
| ١٩٨٨/٣/١٦ | سلێمانی | هەڵەبجە و گوندەكانی دەورووبەری | ٥٠٠٠ شەهید دەیان هەزار بریندار و ٥٠٠٠٠ ئاوارە |
| ١٩٨٨/٣/٢٢ | سلێمانی | سێوەسێنان، دوكان، بەلەكجاڕ، ولیان، جافەران، شاناخسێ | ٧٥ شەهید و ٣٠٠ بریندار |
| ١٩٨٨/٣/٢٣ | سلێمانی | هەمان ناوچەكانی ڕۆژانی پێشوو | چەندین بریندار |
| ١٩٨٨/٣/٢٤ | سلێمانی | دێوانە، قەرەداغ | نەزانراوە |
| ١٩٨٨/٥/٣ | سلێمانی | گۆپتەپە، عەسكەر، چەمی ڕێزان، شۆنگەماهێلە، سەدی چنار، شێخان، گلەشێر، حاجی ژێر بەرە، كۆچبلاغ، زرزێ | ١٢ شەهید و سەدان بریندار |
| ١٩٨٨/٥/١٥ | هەولێر | كامۆسەك، سپیندار، عەلیاوە، وەرێ، پەڕكە، كەوكەیان، حەریر، سماقوڵی، مەلوك | سەدان شەهید و بریندار |
| ١٩٨٨/٧/٢٠ | هەولێر | سەرچاوە، سماقوڵی، گەلاوە، شارەستینا، خەتێ، دەڕاش، بالیسان، نازەنین، گەڕوان | نەزانراوە |
| ١٩٨٨/٧/٣١ | هەولێر | سماقوڵی، بالیسان، هیران | ٥ شەهید و چەندین بریندار |
| ١٩٨٨/٨/٢ | هەولێر | ئاری، سیرۆ، زەڕەوە | ٦٣ بریندار |
| ١٩٨٨/٨/٢٥ | ئامێدی و بەرواری باڵا | ورمێل، باپیری، گەرەگوە، هیسی، ئیكمالە، ئاسهێ، بازێ، میسكە، تووشمییك، مێرگاچیا، كانی بەلاف | ٥ شەهید و ٧٥ بریندار |
| ١٩٨٨/٨/٢٥ | ئامێدی و سەری گارا | ئیكمالە، كیریبەلیتی، باوكا، كەفری، گرِكە، كۆفلینك، ردینیا، ساركی، زیوكاشیرانە | ٢ شەهید و ٤٠ بریندار |
| ١٩٨٨/٨/٢٥ | ئامێدی و بەرواری ژێری | سپیندارێ، سواری | ١ شەهید و چەندین بریندار |
| ١٩٨٨/٨/٢٥ | ئامێدی | كانیا، باسكا، ئاڤۆكی، بیمنانش | نەزانراوە |
| ١٩٨٨/٨/٢٥ | ئاكرێ | پربسە، جزگیرا، چەمچاڵی، جەمشەرتی، چەم ڕەبەتكی، میرۆكی، بلمباس | نەزانراوە |
| ١٩٨٨/٨/٢٥ | زاخۆ | توێكا، بلیجان، زرهەوا | ١٤ شەهید ١٥ بریندار |
| ١٩٨٨/٨/٢٥ | دهۆك | بجێنی، درگەلا شیخا، بناڤە، دبانگی. | نەزانراوە |
| ١٩٨٨/٨/٢٥ | هەولێر | ناوچەی بەرۆش بارزان، مزوری باڵا | نەزانراوە |
| ١٩٨٨/٨/٢٥ | شەقلاوە | هیران و نازەنین | نەزانراوە |
| ١٩٨٨/٨/٢٥ | ڕەواندوز | خەتێ، وەرتێ | نەزانراوە |
| ١٩٨٨/٨/٢٦ | ئامێدی | سەری ئامێدی، سپیر، سینیا، نیرۆ، خەرە گولوهزركا، خراپ، زیوە،بەرچی، كانی دێرێ، دەرگەنی، سیری، سكیری، سەركەلی، فیرستەك، چیاڕەشك | نەزانراوە |
| ١٩٨٨/٨/٢٧ | مزووری باڵا | ناوچەی زێ ڕۆشین | ١ شەهید |
| ١٩٨٨/٨/٢٨ | نێرە و ڕێكان | شیفی، هیتوت، كانیاپینك، باشی، سەرنی، گارە، گەرو، باوانكی، زێوە، گەلی كوتەكێ | نەزانراوە |
| ١٩٨٨/٨/٢٩ | بەرواری باڵا | بازی و گەلی بازێ | ٢٩٨٠ شەهید |
| ١٩٨٨/٨/٢٩ | ئامێدی | یانكا | ١٠٠٠ شەهید |

# هەڵەبجەو ئەنفال و دەسەڵات

مەجید حەمە فەرەج

ئەوەی پێویستە ئەمساڵ لەم دوو یادەدا خوێندنەوەی بۆ بكەین وتاری حكومەت و وتاری بنەماڵەی شەهیدانی كیمیا بارانی هەڵەبجەو وتاری كەس و كاری ئەنفال كراوەكان لەم یادانەدا، باگراوندی ئەم وتارانەش لەو واقیعەوە نوسراوەپاش تێپەڕبونی (٢١)ساڵ ودەیان ساڵی تریش قوربانیانی ئەم دوو كارە ساتە گەورە تەنها بەمردنیان لە ئاسەوارەكانیان رزگاریان دەبێت . دیارە لەرووی سیاسیو كۆمەڵایەتی و یاساییەوە ئەم دووكەیسە چۆن چووەتە پێش و چۆن وەك دەسەڵات لە ئاستی هەرێمی كوردستان و عێراق رۆڵیان گێڕاوە بۆ لێپێچینەو راپێچ كردنی تاوانباران بۆبەردەم دادگاپاشان لەرووی ناساندنی بە تاوانی گەورەی جینۆساید. ودەست پێكردن و بەردەوامی دادگای تاوانەكان بەدادگایی كردنی تاوانباران لە هەردوو كەیسەكە ئەم هەنگاوانە سەركەوتنێكی گەورە بوو بۆ گەلی كوردستان و هەرێم، بەڵام ئەوەی كە لە قۆناغی داهاتوو پێویستە هەموو لایەك لەم رووەوە هەماهەنگی بۆ بكەین گەڕان بەدوای یەك بەیەكی ئەو تاوانبارانە بەمستەشارەكانیشەوە لە كوردستان ئەو فڕۆكەوانانەش بەشداریان كردووە لەكیمیابارانی هەڵەبجەدا ئەگەر ئێستاش لەبەردەست نەبن. و من وەك هەڵەبجەییەك دەڵێم ئازادكردنی فڕۆكەوانەكەی ئاسایش هەركەسێ ئەنجامی دابێ و لەژێر هەر ناونیشانێكدابێ تاوان بوو بەرامبەر ئێمەی هەڵەبجەییەكان و كێشەی نەتەوایەتیمان، چونكە كەیسی هەڵبجە نەتەوەیەك خاوەنیەتی. وپێویستە ئەم راستیەش مافی قوربانیانی هەڵەبجە وئەنفال كەس حەق بەخۆی نەدا گەمەی سیاسی پێوە بكات.

ئەركێكی تر ئەوەیە چۆنیەتی بە نێودەوڵەتی كردنی ئەم كەیسانە لە ئاستی رێخراوە نێودەوڵەتیەكان بەفەرمی بناسرێن و حكومەتی هەرێم ساڵانە لەرێگەی وەزارەتی مافی مرۆڤ و. رێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی بەتایبەتی لەم بوارەدا رۆڵی (ڕێكخراوی چاك) دەبێ لەبەرچاو بگیرێ حكومەت بوجەی تایبەت تەرخان بكات و چالاكترین لەتوانا مرۆیەكان بخاتە كار بە سوود لە ڕێكخراوەكانی مافی مرۆڤ و كەسایەتییەكانی هاوسۆزی بیانی ئەم كەیسانە لە ئاستی نێودەوڵەتی لەسەر ئاستی عێراقیش لیستی هاوپەیمانی كوردستان بەگفتوگۆ لەگەڵ لیستەكانی تر لێژنەیەك پێكبێنن هەموو ئەو تاوانبارانە بەكوردو عەرەبەوە لەلای هەرحزب و بەرپرسێك بن و تاوانبارن راپێچی دادگا بكرێن و شەفافانە هەڵوێستی هەمولایەك رابگەیەنن بۆ رای گشتی لەسەرئاستی هەرێمی كوردستان لەبەرامبەر ئەم تاوانە گەورانە بەرامبەرمان ئەنجام دراوە دەبێت دەسەڵاتی دادوەری سەربەخۆیی پارێزراوبێت و بڕیارەكانی جێبەجی بكرێت .پێویستە پێش هەرشتێكی تر حكومەتی هەرێم ووەزارەتی كاروباری شهیدان و دام و دەزگا بەرپرسەكان لەم بوارەبەدواداچونبكەن بۆ هەردوو وتاری بنەماڵەمای شەهیدانی كیمیابارانی هەڵەبجە و كەس و كاری ئەنفال كەلە رێوڕەسمەكان لە هەڵەبجەو گەرمیان و چەمچەماڵ و رێپێوانی كۆیەو بالیسان بەڕێوەچووە كەداخوازی و پێشنیاراتی تێدایە وەك ساڵان تێنەپەڕێ ئەو وتارانە بۆساڵی ئاییندە لەبەرچاو بگیرێ كاری بۆ بكرێ و بەفەرمی حكومەتی هەرێم لەسەرئاستی ئەنجومەنی وەزیران بەبڕیاروكاركردن وەڵامی ناوەڕۆكی وتارەكان بداتەوە بەرای گشتی رابگەیەنێ، هەرچەند ئەوكارانەی كراوە كەم نییە بەڵام پێویستە هەموو ئەو داخوازیانە جێبەجێكرێ كەلە خزمەت خەڵكی شاری هەڵەبجەو گەرمیان و كەس و كاری ئەنفالكراوەكاندا لە هەرشارو شارۆچكەیەك دابنیشن.لەروی ئاوەدانكردنەوەی زیاترگرنگی بەهەڵەبجەو گەرمیان وكۆمەڵگەی شۆرش وشارۆچكەی بالیسان بدەن من نامەوێ بچمە ناو ناوەڕۆكی وتارەكانی هەردوو بنەماڵەی شەهیدانی هەڵەبجەو كەسوكاری ئەنفال چونكە بەدەیان لەبەرپرسانی پەرلەمان و حكومەت و حزبەكان لەوێ بوون و لە راگەیاندنەكان بڵاوبویەوە.بەڵام هیوادارم لەساڵی ٢٠١٠ لەم یادانەدا ووتارەكانی حكومەت و بنەماڵەی شەهیدانی هەڵەبجەو كەس و كاری ئەنفال بەپێچەوانەی یەكتر نەبن و داخوازییەكانیان جێبەجێكرابێ و هەموویەك ڕیزی ڕومان لە تاوانباران بێ و خوێندنەوەكان لەبەزەییەوە بوو بێتە ماف لای بەرپرسان.

# چەردەیەك لە مێژووی خوێن

زاهیر زەنگنە

حکومەتی عێراقی لە دروستبوونییەوە تاوەکو ئێستا لە ڕێگەی دەزگا عەسکەرییەکانییەوە تاوانی زۆری دەرهەق بە گەلانی عێراق ئەنجام داوە، لە داستیدا ئەم دەزگایە لە دروستبوونییەوە لە هەوڵی ئەوەدا بووە ڕەنگە جودا و جۆراوجۆرەکانی پێکهاتەی عێراق لە ڕێگەی کوشتنەوە لەنێو بەرێت، بەدرێژایی مێژووی حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی حکومەت تەنها شتێ کە لەسەری کۆك و تەتبا بوونە ئەوە بووە عێراق لە نەتەوە غەیرە عەرەب پاك بکەنەوە و بە هەر شێوەیەك بێت بیکەنە بەشێك لە خاکی عەرەب، بۆ گەیشتن بەم ئامانجانەش ڕێگا جۆربەجۆرەکان یان لە کوشتن و سەرنەگوم کردن و کۆچ پێکردنی زۆرەملە و ئەنفال و ژەهراوی کردن تاقیکردووەتەوە...

خۆ ئەگەر لەبەر ڕۆشنایی سەرژمێری ١٩٤٧ تەماشای ناعەرەبەکانی دانیشتووانی عێراق بکەین ئەوە روون دەبێتەوە کە عێراق بریتی بووە لە چەند ئەتن و ئایینی جۆراوجۆری وەك کورد، ئەرمەن، فارس، یەهود، یەزیدی، ئاسوری، کلدانی، مەندانی.. هتد، کە سەرئەنجام هیچ کام لەم پێکهاتانە نییە گورزی گەورەی بەرنەکەوتبێ و تووشی قەتل و عام کردن نەکرابێ و ڕاوەدوو نەنرێت.. هەڵبەت سەبارەت بە وڵاتێکی ساوای وەك عێراق کە لە ماوەی نێوان ١٩٢٢ تا ١٩٣٢ لەنێو (١٤) سەرەك وەزیران (٩) یان ئەفسەر و بەشی زۆری ئەمانەش لە عەرەبە ناسیۆنالیزمەکان پێك هاتبێ و لە دوای ئەو مێژووەشەوە بەشی هەرەزۆری سەرکردەکان لە ئەفسەرانی سوپا بووبن ئەگەر نەڵێن هەموویان، هەورەتر ئەگەر بێژین گشتیان سوننە مەزهەب و دەرچووی یەك جۆرە قوتابخانەی فیکری ناسیۆلیزمی عەرەبی بوونە ئەوە بۆچوونەکانمان زۆرتر لەو ڕاستییەوە نزیك دەبێتەوە کە بیرۆکەی پان عەرەبیزم ئامانجی بووە کە هەر لە زووەوە کاری لەسەر کراوە و سوپا بە تەواوەتی بۆ وەدیهێنانی ئەو ئەنجامە پەروەردەکراوە.. تەنانەت بیرۆکەیەکی بەو جۆرەش لە ئارادا هەبووە لە جێی کۆمەڵگایەکی مەدەنی کە چەندین ڕایەڵەی جۆر بەجۆر چەشنی ئابووری، ئەخلاق، کۆمەلایەتی، ئایینی، ئەنتی پێکەوە گرێیان ئەدات، موئەسسەیەکی عەسکەری ئەوتۆ بەرهەم بهێنن لەگەڵ تەواوی خواستە نیشتمانی و قەومی و مەزهەبییەکانیان بپێکێ.. یا لە لاوازترین بڕواهێناندا لەو خاڵە نزیك بێتەوە کە بێجگە لە عەرەب نەوەیەکی دی بوونی سەربەخۆی نەبێت لەسەر خاکی عێراق..

بۆ بەدیهێنانی ئەم خواستەش یەکەمین قەتل و عام کردنێك کە سوپای عێراق تەنانەت بەر لە جەیشی نازی ئەڵمانیا بەرامبەر جوولەکەی هاوڵاتی خۆی ئەنجامی دابێت.. کۆکوژی ئاشورییەکانە.. ئەم میللەتە یەکێکە لەو کۆمەڵە مرۆڤە کۆنانەی لەسەر خاکی عێراق بوونە و لە ڕووی خاوەنداریێتی خاکەوە بە میللەتانی دێرینی نێوان دوزێ دێنە هەژمارکردن، لە سەردەمی ئیمپراتۆرییەتی ئاشوریدا بە سوارچاکی بێبەزی ناسرابوون، بە هەر چوار لای خۆیاندا بڵاوبوونەوە گەڵی جاران لەگەڵ دراوسێکانیدا تووشی شەڕی خوێناوی بوونە و سەرکەوتنی مەزنیان تۆمار کردووە.. لە ڕووی مەعریفە و فەرهەنگیشەوە تا ڕۆژگاری ئەمڕۆش تاکە سەرچاوەی ناسینەوەی مێژووی کۆنن بەهۆی ئەو کتێبخانە گەورەیەی لێیان جێماوە و باسی زۆر لە جەنگ و دروسێ و خواوەند و زانیاری جۆراوجۆر تیاکراوە و لەکاتی داگیرکاری ئینگلیزیشدا سوپایەکی سەربەخۆیان هەبووە کە بۆ بەرژەوەندی حکومەتی داگیرکار کاریان کردووە.. بەڵام بەگشتی لە دروستبوونی حکومەتی عێراقەوە کەسانێك دووبوونە لە سیاسەت و لەبەر کەمی ژمارە و نەبوونی ناوچەیەکی سەربەخۆی ستراتیژی کە تایبەت بە خەڵکی هاوزمانی ئاشوریان لە هاوکیشە سیاسییەکاندا کەمترین حسێبیان بۆ کراوە، تەنانەت بە تەواوەتی پشتگوێ خراون یان چەوسێنراونەتەوە.. بەڵام لە ڕووی کوشت و کوشتارکارییەوە وەك هەر میللەتێکی دیکەی غەیرە عەرەب زەبری گورچك بڕیان بەرکەوتووە و بە تەواوەتی تۆقێنراون، هەتا ئەمڕۆش بیرۆکەی جینۆسایدکردن و قەتل و عام کردنانە درێژەیان هەیە و دووبارە دەبنەوە.

ئەوان بە بیانووی هەڕەشە بۆ سەر ئاسایش و بەناوی بەکژداچوونی داگیرکاری ئینگلیز و کۆلۆنالیزمی جیهانی کەوتنە بەر ڕەحمەتی چەکی سوپای عێراقەوە ئەو کوشتارە کە خودی بەکر سدقی سەرۆکایەتی دەکرد هێند بەلای نەتەوە گەراکانی عەرەبە پیرۆز و پڕ لە بەدەستهێنانی نەتەوەی نیشتمانی بوو بەنیسبەت عەرەبەوە کە لە شارەکانی موسڵ و بەغدا ئاهەنگ بۆ خاتری بگێڕن و بە حیسابی خۆیان داگیرکاری پێ چاوەشکێن بکەن.

شتەکە سەبارەت بە سوپایەك بۆ مەبەستی لەناوبردنی کۆمەڵێك کە جێگە و ڕێگەی لەباری هەبێت لە ڕووی سەربازییەوە لەخۆی ساناتر نییە.. لە ڕۆژی ١١ئابی ١٩٣٣ تیمێکی پڕچەکی سوپا بە فەرمانی جەنەڕاڵ بەکر سدقی خۆیان بەناو شاری (سومێل)دا کرد دانیشتوانەکەشی بێ ئەوەی بەرگری بکەن چەکەکانیان دانا، لەناکاو تەنانەت بێ ئاگادارکردنەوەیەکیش سەربازەکان لولەی چەکەکانیان کردە ئاشوورییە بێ چەکەکان و



کەوتنە تەقەکردن لێیان و بەوپەڕی خوێن ساردییەوە بەشێکی زۆریان لێ کوشتن.. ئەوانەی مانەوە خۆیان کرد بەناو ماڵەکاندا بۆ ئەوەی گیانی خۆیان ڕزگار بکەن، ڕەشاش بەدەستەکان ڕووی چەکەکانیان کردە پەنجەرەی ئەو ماڵانەی کە ئاشوورییەکان خۆیان تێدا پەنادابوو.. ژمارەیەکی بێشوماریان لێ کوشتن، هەندێك جار ئەو سەربازانە چێژیان لە خوێن ڕشتن وەردەگرت، پیاوەکانیان دەهێنایە دەرەوە و تا مردن لێیان ئەدان پاشان لاشەکانیان دەخستە سەر لاشە کەڵەکەبووەکانی دیکە و گردۆڵکەیان پێ دروست دەکردن، وێڕای ئەوەش لەنێو جەماوەردا جاڕی ئەوە لێئەدرا، کە دز کۆشکەی داگیرکار و ئینگلیز قڕکردن و سۆزی جەماوەر و میللەتیان بەو چەشنە بەلای سوپادا بە کێش دەکرد و وایان دەخستە مێشکی خەڵکەوە کە ئەوە تەنها سوپایە پارێزەر و خەمخۆری نەوەی عەرەبی عێراقەوە لە داگیرکەر و دوژمنانی ناوخۆیان دەپارێزێ.. ئەم دروشمانە بەدرێژایی ساڵانی فەرمانڕەوایەتی حکومەتە یەك لەدوا یەکە سەربازییەکانی عێراق بەردەوامیان هەبووە و وتراوەتەوە و چاوبەستی لە ڕای گشتی خەڵکی کراوە.. خەڵك لە ڕاستی و دروستی پشت ڕووداوەکان نەدەگەیەنرا لە ٢٦ئابی ئەو ساڵەدا کاتێ سوپای پڕ شکۆی عێراق، ئاوس بە قەتل و عامەکانی ڕووەو بەغدا دەگەڕایەوە و هەموو شتێ بۆ ماوەی چەند کاتژمێرێك لە جوولە دەوەستێ کاتێ سەربازەکان بە شەقامەکانی شاردا دەگەڕان جەماوەر بە جۆش و فرۆشەوە هوتافیان دەکێشا و هەڵهەڵەیان بۆ لێدەدان: وایان تێگەیاندبوون کە لەنێو بردنی ئاشوورییەکان پێگەی سوپای بەریتانیا کە هەمیشە ئەفسەرەکانی سوپا لە ڕووی سایکۆلۆژییەوە خۆیان بە کەمتر دەزانی لەکەدار دەکات، ئەوەش جێگەی داخ بوو کە لە کاتێکدا بە وتەی کەسێکی وەك (خەلدون حوسەوی) خودی بەریتانیا بێ ئاگا نەبوونە لەو هێرشکردنە سەر ئاشوورییەکان بەڵگە ڕێگەی ئەوەشیان پێدابوون کە ئەگەر پێویستی کرد کەسێکی وەك (مارشمعون)یش بگرن کە باوکی ڕوحی ئاشوورییەکان بوو... سوپای عێراق لە یەکەم چالاکیدا بەو چەشنە پڕ لە تەڵەکەبازییە پێگەیەکی گرنگی شەقامی سیاسی عێراقی داگیرکرد.. لە ڕووی میللیشەوە تا ئەمڕۆش فاکتەری نەهامەتی و نەگبەتییەکانە کە بەسەر ئایندەی وڵاتدا دەهات و هیچ کام لە پێکهاتەکانی عێراق نییە، زەبری بەدەست نەخواردبێ.. هەر بە خەیاڵی دژایەتی کردنی کۆلۆنالیزمی جیهانی و بەر لە هەمووشیان ئینگلیز، لە قۆناغی دووەهەمی پاکتاوکارییەکاندا جوو ئایینەکان دیسانەوە کەوتنەوە بەردەم هەڕەشەی سوپا و دەستی پڕ تاوان گەیاندراوە ئەوانیش، پادفەرە بیزمەکان لە ماوەی ساڵانی بەر لە هەڵگیرسانی جەنگی جیهانیدا کەوتبوونە دژایەتیکردنی سامی نەژادەکان (مەبەست یەهودییەکانی عێراق)ە. روونتر لە ساڵی ١٩٣٤ پەیوەندی ئەڵمان بە لاوانی نەتەوە پەرستی عەرەبەوە پەیدا کردبوو، سوپای عێراقیش بێبەش نەبوو لە کاریگەری نازی، لە ڕاستیدا ئامانجی سەرەکی نازییەکان بریتی بوو لە هاندان و هاوکاری و یارمەتیدانی ئەو پرۆژانەی کۆك بوون لەگەڵ ئایدۆلۆژیای نازی. وێڕای ئەوەی جووئایینەکان مێژوویەکی زۆر دێرینیان لە عێراقدا هەیە و لە سەردەمی دەسەڵاتی بابلەوە بە یەخسیری هێنرابوون، بەڵام سەردەمانێکی ئێجگار بەر لە عەرەب ئەم وڵاتەیان ناسیوە و خزمەتیان پێگەیاندووە..

وەك ئایینیش عەرەب زۆر قەرزاری ئەوانە و فەزڵی گەورەیان بەسەریانەوە هەیە.

لە ناوەڕاستی ساڵەکانی ١٩٣٨ەوە دیسان دژایەتی کردن و هەڵکوتانە سەر و شەڕفرۆشتن بە یەهوودییەکانی نێو شاری بەغدا دەست پێکرد کە ئەو دەم گەورەترین جالییە (هەرچەند ڕەوا نییە ناوی جالییەیان لێ بنرێت) یەهودیان لە ڕۆژی عەرەبیدا پێك دەهێنا.

ئەگەر لە ڕووی مێژوویشەوە تەماشای جەنگی عەرەبی یەهود بکرێت ئەوە مێژوویەکی ئێجگار کۆن و بۆ سەردەمی سەرەتای دەست پێکردنی بانگەشەی ئیسلامەوە دەستی پێکردووە، دروستتر بڵێم بەر لە هاتنی ئیسلامیش بەهۆی ئەوەی کە لە ڕوویەکەوە عەرەبیان ئاوەز و بت پەرست دەزانی و بەهۆی ئەوەش کە بەشی زۆری جووەکان کاری بازرگانیان دەکرد و بەرژەوەندییەکانیان زۆر جار لەگەڵ بازرگانە عەرەبەکاندا ڕووبەڕوو دەبووەوە جۆرە سارد و سڕییەك هەبوو لە نێوانیاندا... بۆیە بەدەر لە فاکتەرە هەنووکەییەکان بۆ ئەو سەردەمە هۆکاری دیکەی مێژوویش لە ئارادا بوو. بۆ ئەوەی زۆر بە ئاسانی ڕقی جەماوەر بەرامبەر یەهوودییەکان پەرە بسەنێ... لەم ڕووەوە ڕێکخراوەکانی وەك (فتوە) و ئەفسەر و پایە بەرزەکان ڕۆڵی گرنگیان لەژێرەوە دەگێڕا، هەڵکوتانە سەر ماڵان و تاڵان و کوشتن ببووە یەکێ لەو کارە پیرۆز و مەزنانەی کە شانازی پێوە دەکرا.. هەرچەند کردەوەکان لە سەرەتاوە تا ئاستێکی سنووردار بوو هەندێ جار بە هەڵدانی نارنجۆك دەستی بۆ ماڵ یان محەلێکی جوولەکە کۆتایی دەهات، بەڵام ڕۆژ ڕەشی گەورە ئەو دەم سەری هەڵدا کە بەدەیان بەدەوی هێرشیان کردە ناو شاری بەغداوە و هەڵیانکوتایە سەریان و بە سەدانیان لێ قەتڵ و عام کردن و سەروەت و سامانیان بە تاڵان بردن و ڕیسوایان کردن، کە ئاکامەکەی هەرچەند بەرووکەش وا نیشاندرا دژ بە سەهیۆنییەتی جیهانی و داگیرکاری جیهانی نیشان درا، بەوە کۆتایی هات کە ئەوانەی مابوونەوە کۆچیان بەرەو فەلەستین (زێدی باوباپیریان) بە حیسابی خۆیان کرد، ئەنجام خزمەتی گەورەیان بە داگیرکاری و سەهیۆنییەتی جیهانی کرد. سوپاس ئەگەر ڕاستەوخۆش نەبووبێ دەستی بە خوێنی ئەتنێکی دیکەی پێکهاتەی خەڵکی عێراق سوور بووە... دواتریش بە گاڵتەکردن بە هەستی پان عەرەبیزم سوپایەکی بێشومارییان بەناوی سوپای عەرەبەوە پێکەوە ناو چەشنێ تێك شکاند کە جارێکی دیکە هەرگیز عەرەب خەون بە دەرکردنی ئیسرائیل لە خاکی عەرەبدا نەبینێ...

ئەم سوپایە هەر بەو چەشنەی کە توانای سەرکوت کردن و لەناو بردن و قەتڵ و عام کردنی نەتەوە جۆراوجۆرەکانی هەبووە لە ئاست بەرەو ڕووبەڕووبوونەوەی هێزە دەرەکییەکان کەم توانا و بێ دەسەڵات و دۆڕاو بووە بگرە بە درێژایی ساڵانی دروستبوونی ئەم سوپایە لە ١٩٢١ەوە هەتا ئەمڕۆ تەنها یەك شانازی چییە بۆ خەڵکی خۆی نەهێناوە، مەگەر لە ڕێگەی فریودانی ئاوەزی جەماوەر نەبووبێ ڕەنگە تەجروبەی ڕەشید عالی گەیلانی ساڵی ١٩٤١ کە میر عوبەیدوڵڵا و نوری سەعیدی لە وڵات دەرپەڕاند و خۆی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی سوپای ئینگلیز ئامادە دەکرد تاقیکردنەوەیەکی هێند مەزن بوو بۆ ماوەی ١٧ ساڵ کاریگەری لەسەر توانا دەست بۆ بردنەکانی سوپاوە هەبوو بەتەواوەتی لە مەیدانی سیاسی دوورخستەوە... لە ١٩ئایا بەمەبەستی کاریگەری دانان لەسەر مەعنەویاتی سوپا و بۆ زیاتر چەسپاندنی بنەماکانی شۆڕشەکەی ڕەشید عالی گەیلانی ڕێگرتن لە گەڕانەوەی (وەسی) و نوری سەعید سوپا لەگەڵ یەکە بچووکی سوپای ئینگلیزدا ڕووبەڕوو بووەوە، ڕاستی ماوەی مانگێ دەبوو حاڵەتی نائاسایی لەلایەن ئەفسەرە شۆڕشگێڕەکانەوە ڕاگەیەنرابوو ڕووبەڕووبوونەوە لێرەو لەوێ ڕووی ئەدا فڕۆکە ئاڵمانەکانیش یەکەکانی سوپای ئینگلیزی بەمەبەستی بەرزکردنەوەی مەعنەویاتی سوپای عێراق بۆردومان دەکرد.. بەڵام شەڕی فەلوجە خاڵی یەکلاکەرەوە بوو کە تیایدا سوپای عێراق بەشێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو شکستی خوارد تەنانەت ئینگلیزەکان هەرگیز باوەڕیان بەوە نەدەکرد چەند کەسێك سوپایەکی ئاوا مەزن بشکێنێ و شکست خواردووی بکات بیری عەسکەرتارییەتی و نەتەوەیی بە زیانی کودەتا چییەکان شکایەوە و لە گۆڕەپانەکەی دوور خستەوە. بەو شێوەیەش قۆناغێك کە لە ١٩٢١ەوە بەخوێن دەستی پێکرد لە ١٩٤١ بە خوێن کۆتایی پێهات.



# نوگرەسەلمان

Nugireselman


بڵاوکراوەیەکی ساڵانەی تایبەت بە یادی کارەساتی ئەنفال، لقی کەرکووکی ناوەندی چاودێری کوردۆساید ( چاك ) دەریدەکات ژمارە ( ٥ ) ٢٠١١/٣/١٧
















**خاوەنی ئیمتیاز**
عەلی محمود محەمەد

**سەرنووسەر**
زایەر زەنگنە

**بەڕێوبەری نووسین**
هێمن حەسیب

**دەستەی نووسەران**
سۆران مامە حەمە (فەخری)
حەمە سەعید زەنگنە
دیمەن محەمەد
حەمزە قاسم
ئیدریس حاجی سەعید

**تایپ**
ئومێد جاف
دلێر ڕەفیق

**نەخشەسازیی**
ئەنجام سەعید

www.chaknews.com
kirkuk_chak@yahoo.com